# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکــراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکـان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەریدەکات

ژمارە (٢٠) ٢٠١١/٥/١٣

## لەهەولێر.. رۆژی جیهانیی کتێب بەرز راگیرا



**پەیامنێری هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتی هەولێر، بەبۆنەی ساڵیادی ڕۆژی جیهانیی کتێب، ڕۆژی ٢٠١١/٤/٢٤ لە باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتییەکە، بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم ڕۆژە، کۆڕێك و چەند چالاکییەکی شایستەی ئەنجامدا، لەدەستپێکی کۆڕەکەدا (زاهیر عەبدوڵڵا) بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی هەولێر بەخێرهاتنی نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و بەڕێوەبەرەکانی پێشووتری کتێبخانەی گشتیی هەولێر و سەرجەم میوان و ئامادەبووان کردو پیرۆزبایی لە کارمەندانی کتێبخانەی هەولێرو دۆستو هاوڕێیانی کتێب کرد.

پاشان بەڕێز ئاریان فەرەج بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە نوێنەرایەتی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان، بە وتەیەك بەشداری لە کۆڕەکەدا کرد و لەچەند بڕگەیەکدا بە کورتی تیشکی خستەسەر هاوکاری و پاڵپشتی وەزارەت لە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبو گەشەپێدانی خوێندنەوە لە هەرێمی کوردستاندا، ئینجا بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان بە وتەیەك بەشداری کردو دوابەدوای ئەوەش پێشەنگایەکی کتێب کرایەوە.

## کتێبخانەی گشتیی ئاشتی کرایەوە

**محەمەد عەبدولڕەحمان**

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان بە بۆنەی ساڵیادی رۆژی جیهانیی کتێب، رێکەوتی ٢٠١١/٤/٢٧ لە ناحیەی ئاشتی سەر بە قەزای کۆیە، کتێبخانەی گشتیی ئاشتی کردەوە.

لە رێوڕەسمی کردنەوەکەدا کە بەڕێزان ئاسۆ حەسەن بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان‌و بەڕێوەبەری ناحیەی ئاشتی‌و بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی کۆیە ئامادەبوون، هەمووﻻ جەختیان کردەوە کە کردنەوەی ئەم کتێبخانەیە بۆ ناوچەکەو بەتایبەت بۆ گەنجان‌و قوتابیان، بووەتە جێگەی خۆشحاڵی‌و بەشداریی بەرچاوی خەڵك لە مەراسیمەکەدا ئەو راستییەی سەلماند.

جێی ئاماژەیە هۆبەی چاﻻکی‌و دابەشکردنی کتێب لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان زیاتر لە ٦٠٠کتێب‌و ٢٠٠گۆڤاری جۆراوجۆری بۆ کتێبخانەکە دابینکردوە، ئەمە وێڕای ئەو کتێبانەی کە لەلایەن کتێبخانەی گشتیی کۆیەوە بۆی دابینکراون.

هەر چۆن بەڕێوەبەرانی ناوبراو داوایان لە خەڵکی دڵسۆزی ناوچەکە کرد کە لەدوو رووەوە هاوکاریی کتێبخانەکە بکەن، یەکەمیان هاندانی خوێندکاران‌و گەنجانی ناوچەکە بۆ سەردانی کتێبخانە بەشێوەیەکی بەردەوام، دووەمیش کۆمەکی کتێبخانەکەیان بە چاپکراوی نوێ‌و سوودبەخش.

## لە کتێبخانەی عەربەت
## پێشانگایەك بۆ یادی رۆژنامەنووسیی کوردی


**ئەبوبەکر عەبدوڵڵا**

کتێبخانەی گشتی عەربەت بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی سلێمانی‌و رۆژنامەی خورماڵ، لە یادی (١١٣) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردیدا، رۆژی ٢٠١١ /٤/٢٤ پێشانگایەکیان بۆ رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان، لە هۆڵی(نالی)ی کتێبخانە کردەوە.

لەم بۆنەیەدا نوێنەرانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بەڕێزان (محەمەد عەزیز خالیدو شاهۆ عوسمان) بەڕێز (حاکم هوشیار مستەفا) بەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت‌و ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەری یەکە ئیدارییەکانی ناحیەکەو رۆشنبیرانی ناوچەکە بەشدار بوون، دوای بەسەرکردنەوەی چاپەمەنییە نمایشکراوەکان، لێپرسراوی کتێبخانەکە هانی بەشدارانی دا بۆ کۆمەکی کتێبخانەو هامشۆکردنی خوێنەران‌و خوێندکارانی ناوچەکە بۆی.



## لە کەلار..
## پێشانگایەکی کتێب



**خەرمان عەبدول**

رۆژی ٤/٢٤، بەبۆنەی رۆژی جیهانی کتێبەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی گەرمیان‌و کتێبخانەی گشتیی کەلار بەهاوکاریی کتێبخانەی هەورامان‌و چەندین خانەی بڵاوکردنەوەی لوبنانی‌و میسریی وەك (دار الشمال، دار الوائل، دار المعرفة)و..هتد، پیشانگایەکی کتێب کرایەوە.

لەم پێشانگایەدا بە کتێبەکان بەزمانەکانی (کوردی‌و عەرەبی‌و فارسی) بوون لەسەرجەم بوارەکانی بابەتە زانستییەکان‌و سەرچاوەی جوگرافی‌و مێژوویی‌و یاسایی‌و کشتوکاڵی‌و ئایینی‌و بابەتی کۆمپیوتەری‌و رامیاریی بەداشکاندنی ٢٠٪ کردەوە.

شایانی ئاماژەیە ئەم پێشانگایە بۆ ماوەی (١٠) رۆژ بەردەوام بوو.


## چوارینەی ژێداری کوردستان بۆ رۆژی جیهانیی کتێب




**بەختیار**

رۆژی جیهانیی کتێب( ٤/٢٣)، لە سەعات ٧ی ئێوارەدا، کتێبخانەی گشتیی سلێمانی پێشوازیی لە گروپی کۆنسێرتی چوارینەی ژێداری کوردستان کردو لەژێر دروشمی (باپێکەوە زمانی هونەرو گوڵ بکەینە پەیامی ئاشتی لە ناخی دڵسۆزانی ئەم شارەدا) گروپی ناوبراو دووەمین کۆنسێرتی خۆیان لە هۆڵی پێشوازیی کتێبخانەدا نمایشکرد.

## بۆقەکە قووت بدە




**و. شایان**

بۆقەکە قووت بدە، کتێبێکی بچووکی برایان تریسییەو ٢١ پرانسیپی تێدایە سەبارەت بەزاڵبوون بەسەر تەمەڵیدا لەکەمترین کاتدا. هەڵبەتە ئەم کتێبە موعجیزە ناخولقێنێ بەڵام ئەگەر بتەوێ بەختەوەرو سەرکەوتوو بیت ئەم کتێبە رێنمایی باشی تێدایە بۆت. خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێش بریتییە لەژیانی تایبەتی نووسەری کتێبەکە، کە لەچ حاڵێکی خراپەوە گەیشتۆتە چ نازونیعمەتێك، شێوازی ژیانی نووسەر وات لێدەکات کەزیاتر متمانە بەقسەکانی بکەیت.

سایتی کتاب کده

## پێشنیازێک

## بۆ پاراستنی کتێبەکانمان

تەنیا دابینکردن‌و نەفەوتان‌و ون نەکردنی کتێبەکان بۆ کتێبخانەی کوردی مەرج نین، بەڵکو پارێزگاری کردنیان لە دڕان‌و هەڵوەشان‌و تێکچوونیش مەرجێکی سەرەکییە، ئەمیش بە پاراستنی بەرگەکان‌و خودی کتێبەکان بە(جزوبەندکردن)یان دێتەدی.


بەداخەوە لە زۆربەی کتێبخانەکانی کوردستاندا(بەکتێبخانەی سلێمانی ئێمەشەوە) ئامێری بەرگ تێگرتن تا ئەم ساتە بوونی نییە، بەڵکو کتێبخانەکان بۆ ئەو مەبەستە رووردەکەنە بازاڕو لای بەرگ تێگران بە برە پارەی دیاریکراو بەپێی قەوارەی چاپکراوەکان(ئیتر کتێب بن یان رۆژنامەو گۆڤار) ژمارەیەك لە سامانی کتێبخانەکانیان دەبوژێنەوە..ئەویش چۆن، بەگوێرەی بودجەی مانگانەی هەر کتێبخانەیەك کە بەزانیاریی من بڕێکی ئەوتۆ بۆ ئەو مەبەستە تەرخان ناکرێ‌و جێگایەکی ئەوتۆ ناگرێت.


ئەوەتا بەپێی ئاماری مانگی نیسانی رابردوو، کتێبخانەی گشتیی سلێمانی نەیتوانیوە هیچ چاپکراوێك جزوبەند بکات‌و لەکۆی ١٩ کتێبخانەی شارۆچکەکانیش، بەتەنیا هەردوو کتێبخانەی پێنجوێن‌و شارەزوور چەند کتێبێکیان بە بەرگ تێگیراوی خستووەتەوە نێو رەفەکانیان.

**سەرنووسەر**




جێگەزای بیرکردنەوەم 2


کتێبخانە نوێیەکان 6-7


مەرگی کتێب 8


توێژینەوەی زانستی 10

# کتێبخانەی گشتی..جێگەزای بیرکردنەوەم



**د. محەمەد کەمال- ئوستراليا***

لە نیوەی دووەمی هەفتاکاندا دوو کتێبخانە لە سلێمانی هەبوون: یەکەمیان کتێبخانەی گشتیو دووەمیان کتێبخانەی مۆزەخانە. لەو ساڵانەدا من خوێندکاری دواناوەندی بازرگانیو دوایی پەیمانگای مامۆستایان لە هەولێر بووم. هەمیشە لەچاوەڕوانی هاتنی پشووی خوێندندا بووم، نەك لەبەر تەمەڵی بەڵکو خولیای فێربوون، بەتایبەتی فێربوونی فەلسەفە لەناخمدا ئاگرەکەی بەرزتر دەبووەوەو گڕی بەردەدایە بوونم. بۆ خۆشکردنی ئاگرەکەش لەپشووی خوێندندا پەنام بۆ کتێبخانەی گشتی دەبرد، هەموو بەیانییەك پێش کردنەوەی کتێبخانە لەبەردەمیدا رادەوەستام.

کاتێك دەرگاکەی دەکرایەوە بەپەلە خۆم دەگەیاندە هۆڵی خوێندنەوەو تاکو نیوەڕۆ سەرم بەسەر کتێبێکدا شۆڕدەکردەوەو بەنێو جیهانی بیرۆکەکانیدا دەگەڕام.

چەند هاوڕێیەکیشم بەهەمان شێوە رۆژانە خۆیان دەگەیاندە ئەم کتێبخانەیە، پاش نیوەڕوانیش لە نزیك کتێبخانەی گشتی لە چایخانەی(کاك مەجید) کۆدەبووینەوەو لەسەر کێشە فەلسەفیو ئەدەبییەکان دەدواین. ژمارەی ئەو هاوڕێیانە بەرەو زۆری رۆیشتنو دواجاریش لەبەر شێوازی بیرکردنەوەو بۆچوونەکانمان بەگروپی (وجودییەکان) ناوزەدکراین.

ئەو کاتانە کتێبخانەی گشتی کۆمەڵێك کتێبی عەرەبی لەسەر فەلسەفە هەبوو، من زۆربەیانم خوێندەوە، تەنانەت لە جارێك زیاتر بەهەندێك لەو کتێبانەدا (وەکو کتێبەکانی مامۆستا عەبدولڕەحمان بەدەویو زەکەریا ئیبراهیم) چوومەوە.

ئەو ئارامییە دەروونیو چێژە عەقڵییەی لە خوێندنەوەکانو فێربوونم لە کتێبخانەی گشتی دەستمکەوتن.

خوێندنگاکان بەدرێژایی تەمەنی منداڵیو لاوێتیم لە قۆناغی بنەڕەتییەوە تاکو پەیمانگا، نەیانتوانی بەمن ببەخشن، ئێستاش نازانم خوێندنگاکان، بێجگە لە تۆرانم لە زانستو هونەر، چییان فێرکردم. بەڵام ناوی زۆر لەو کتێبانەو ناوەڕۆکیان دەزانم، کە لە کتێبخانەی گشتیدا خوێندمنەوە.

ئەم کتێبخانەیە نەك خوێندنگاکان، بوو بەجێگەزای بیرکردنەوەم، بۆیە هەموو جارێك بۆ کوردستان دێمەوە، بەپێویستی دەزانم سەردانی بکەمو یادەکانمی تێدا بژیەنمەوە.

*پسپۆری بواری فەلسەفە

# بەم کتێبە گەشامەوە



**حسێن عوسمان نێرگزەجاڕی**

بواری کتێبخانەو چالاکییەکانی لە کوردستاندا زۆر هەژارو کەمبەشە لە تیشكو رۆشنایی خەڵکانی پسپۆڕو شارەزایانی ئەکادیمیو ئیداری، لەکاتێکدا رووبەری خوێندنگاو زانکۆو پەیمانگاکان لە هەرێمدا ساڵانە لە گەشەو گەورەبووندایە، دیارە لە دۆخێکی ئەوهادا چەندە مشوری مامۆستاو تاقیگەو خانووبەرە... لەپێشە، هێندەیش مشوری کتێبو سەرچاوەی زانستیو شوێنی کتێبخانە پێویستە.

بەڵام کە ئێستا ئەم کتێبە بەنرخەی برای ئازیزم کاك یاسین قادر بەرزنجی (دەروازەیەك لەڕووی کتێبخانەو زانیارییەکان) دەخوێنمەوە؛ تێگەیشتم کە بواری کتێبخانەو زانیاریی زانستە.. زانستێکی چڕو دەوڵەمەند، لە کتێبی یەکەمداو بەچەندین تەوەرو بەش هەموو لایەنێکی ئەم زانستەی باسکردوەو بەوردیش لەم بابەتانە دواوە:

- سەنتەری زانیارییەکان
- کتێبخانەی قوتابخانەکان
- کتێبخانە گشتییەکان
- کتێبخانە تایبەتمەندەکان
- کتێبخانە نیشتمانییەکان
- سەرچاوەکانی زانیاریی
- کارە هونەرییەکان
- پۆلێنی (دیوی دەیی)و رێبەریکردن، خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە.


*کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم/سوید:

ئەویش زۆر دڵخۆشکەرو دەگمەنەو هێشتا (پێبزانم) باسنەکراوە، ئەم کتێبخانەیە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٧دا لەلایەن (ندیم داگدەڤیرەن) بە پشتگیری دەزگای کلتوری (ئایندە)و بەیارمەتی سویدییەکانو پشتگیری کوردەکانی سوید دامەزراوە.


*بابەتی (کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان) بەشێکی زۆر دڵخۆشکەرە بەرادەیەك منی مەستکرد کەزانیم زیاتر لە (٦٠) کتێبخانەی گشتی هەیە لە کوردستان جگە لە کتێبخانەی نێو زانکۆو پەیمانگاو مزگەوتو خوێندنگاو قوتابخانەکان، هیوادارم وەزارەتی رۆشنبیری هەولێدات (کتێبخانەی گەڕۆك) دروستبکاتەوە کە لە ساڵانی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکاندا کاریان پێدەکرا.

بێجگە لەم کتێبە بەنرخە؛ کاك یاسین کتێبێکی بەنرخی دی "علم الفهرسة و التوثيق"ی بەهاوکاری خاتوو ساکار عەلی عەبدوڵڵا کردوە بەکوردی، ئەم کتێبە لەم بوارەدا زۆر دەگمەنەو کتێبخانەی کوردی زۆر پێویستی بەم زانستە هەیە، ئەم کتێبە پێویستە لە هەموو خوێندنگاو زانکۆو پەیمانگایەکدا هەبێت، هیوادارم وەزارەتی پەروەردە لە چاپخانەکەی خۆی چاپی بکاتەوەو بیخاتە گشت قوتابخانەو دەزگاکانی.

لە کۆتاییدا هیوادارم کاك یاسین هەمیشە مەڵۆو شاراو خەرمانی بیرو قەڵەمی پڕ خێرو بەرەکەت بن.




# کۆڕی کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان



**کامیل محەمەد قەرەداغی**

لەئێستادا، کە سەردەمی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتەو ئەرکی هەڵگرتنو گواستنەوەی زانیاری ئاسان بووە، گۆڕانکاریی گەورەش بەسەر رەوشو هەلومەرجی کتێبو کتێبخانەو کتێب وەرگرتنو خوێندنەوەو گواستنەوەیدا هاتووە. بۆیە لەم رۆژگارەدا چەند کتێبخانەی پڕ لە ئەرشیفی کتێب هەبن، هێندەو چەندان ئەوەندەی تریش، لەسەر ئەو تۆڕە جیهانییەی ئینتەرنێت کتێبخانەی گەورەو بەرفراوان دروست بوونو خزمەتگوزاریی خۆڕایی خۆیان پێشکەشی ئەوکەسانە دەکەن، کە بە کلیك لێکردن سەردانیان دەکەن. رەنگە قورسترین مەرجی سوودلێوەرگرتنی ئەو کتێبخانانە، کە بە هەزاران دانەی چاپی ئەلیکترۆنیی کتێبەکانیان کۆگا کردوە، تەنها ئەوەندەبێت، کە داوات لێبکەن فۆرمێکیان بۆ پڕبکەیتەوە ناو و ئیمەیڵی خۆتی تێدابێت. لەپاش ئەوەوە خۆت سەرپشك دەبیت، لەوەی چیت دەوێتو چی دادەبەزێنیتو چی پرینت دەکەیت، مەبەستە سەرەکییەکە سوودگەیاندنە، کتێبەکانو ناونیشانەکانیشیان لەبەر دەستتدان!

جاری وا هەیە، تۆ مەبەستتە بەدوای ناونیشانێکی دیاریکراودا بگەڕێیت، هەیە دەیدۆزیتەوە، کەچی سەیردەکەیت لەپاڵ ئەوەی خۆتەوە چەندی تریش هەنو هەمووشیان سوودبەخشن، بۆیە ئەوانەش وەردەگریتو لەلای خۆت کۆگایان دەکەیت.

تا ئێستا ئێمە باسی کتێبمان کرد، بەڵام لەگەڵ کتێبدا هەرچی گۆڤارو رۆژنامەی دونیاش هەیە، ئەوانەی کە برێك خوێنەریان هەبێت، هەنگاوی دووەمی پاش بڵاوبونەوەیان ئەوەیە لەسەر ئینتەرنێت ماڵپەڕێکیان هەبێت، لەو ماڵپەڕەوە دەتوانیت تەواوی پەڕەکانی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەش بخوێنیتەوەو هەر لە ماڵی خۆتدا دانیشتویت.

دەتوانیت ئەرشیفیان ببینیت، ئەگەر تەواوی خەزێنەی خۆشیانت نەخەنە بەردەست، ئەوا زۆربەی هەیەو دەتوانیت سوودیان لێ وەربگریت.

من لەماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا چەندان کتێبخانەی گەورەی ئەلیکترۆنیم بینیوە، کە ئاواتم خواستووە ئەو کەلەپورە گەورانەی مرۆڤایەتی بگەنە بەردەستی خوێنەری کورد، کردنەوەی ئەم دەروازەیە، بە هاوکاریی مانگنامەی (ئاسۆی کتێبخانە) لەپێناوی ئەو مەبەستەدایە، کە هەر جارەی یەکێك لەو کتێبخانە بەسوودانە بناسێنرێتو بواری پسپۆرییەکەیان، چۆنیەتیی سوودلێوەرگرتنیان بخرێتە بەرچاو. ئەڵبەت کەی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتمان پێکەوە هەبوو، ئەمجا پێویستمان بەوە دەبێت هەردوو بەرنامەی (مایکرۆسۆفت ئۆفیس – وێرد) و (ئەدۆب ئەکرۆبات ریدەر- پی دی ئێف)مان هەبێت، چونکە رێژەی هەرەزۆری کتێبخانەکان بە یەکێك لەو دوو شێوازە کتێبو گۆڤارەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن. لەم ژمارەیە بەدواوە هەر جارێك سەردانی یەکێك لە ئەو کتێبخانە ئەلیکترۆنییانە دەکەین.

kmqster@gmail.com

# کتێبەکانی کتێبخانەکەم

**د. فەرهاد پیرباڵ**

# باوك



ئۆگۆست ستریندبێرگ

شانۆنامەی(باوك) نووسینی ئۆگۆست ستریندبێرگ، نەك تەنیا شاکاری نووسەر خۆی، بەڵکو شاکاری هەر هەموو ئەدەبیاتی شانۆنامەیی سوێدییە.

راستییەکەیشی، مێژووی شانۆنامە لە سوێد، دەتوانێ شانازی تەنیا بە ستریندبێرگەوە بکات: چونکە لە هەموو مێژووی ئەدەبیاتی سوێدیدا، نە پێش ناوبراو نە دوای خۆیشی: هیچ ستریندبێرگێکی دیکە بوونی نییەو نەدیتراوە.

بایەخی شانۆنامەی(باوك)، تەنانەت بایەخی سەرجەم بەرهەمەکانی ستریندبێرگ، لەوەدایە کە دیدی نووسەر- بەشێوەیەکی رەهاو بێ قەیدو شەرت- لەدیدی هیچ نووسەرێکی دیکە ناچێ. ستریندبێرگ روانینێکی هێندە شەخسیو تایبەت بەخودی خۆی هەیە: لای هیچ یەکێك لە نووسەرانی دیکەی ئەم دنیایە، بەدی ناکرێت!

هاوشێوەییو لێکچوونێك، بۆ نموونە، لەوانەیە لەنێوان دیدی کازانتزاکیو داستایۆفسکی هەبێت. هاوشێوەییو لێکچوونێك، بۆ نموونە، لەوانەیە لەنێوان روانینی ماکسیم گۆرکیو ژاك لەندەن؛ لەنێوان جیهانبینینی بالزاكو تۆلستۆیدا هەبێت..بەڵام هیچ شانۆنامەنووسێك لە جیهاندا نیە کە دیدی، لە جیهانبینیی ناوبراو بچێت. ستریندبێرگ خاوەن جیهانبینیی تاکڕەوی خۆیەتی! ئەم جیهانبینییەش، بێگومان، بەسەر چۆنیەتیی دروستکردنی دراماو تەکنیكو شێوازو توخمەکانی دیکەی شانۆگەریدا رەنگی داوەتەوە: ئۆتۆماتیکیانە تایبەتمەندیی خۆیان وەرگرتووە.

ستریندبێرگ بنچینەی درامای شانۆنامەکانی خۆی لەسەر ئەوە بنیات ناوە کە ژیان زۆرانبازییەکی بەردەوامە لەنێوان ژنو پیاو؛ ژیان ململانێیەکی توندوتیژە لەنێوان هەر دوو سێکسەکە: لەپێناو دەسەڵاتو باڵابوونو بەئامانج گەیشتن. لەم زۆرانبازییەشدا، کە هەندی جار دەگاتە ئەوپەڕی داڕمانو وێرانەییو شیرازە تێکچوونی خێزانو تاکەکەس.. زۆربەی جاران ژن، بەمەکرو فێڵەکانی خۆی دەیباتەوەو پیاو تێکدەشکێ.

من هەموو جار کاتێ دەچوومە ستۆکهۆڵم، یان ئەو کاتانەی لە دانیمارکو لە فەرەنساش بووم؛ زۆر جاران لە کچە سوێدیو ژنە دانیمارکیو فەرەنسییەکانم دەپرسی:

– ئایا ئۆگۆست ستریندبێرگتان خوێندۆتەوە؟

لەوەڵامدا هەمیشە دەیانگوت:

– ویش.. زۆر رقی لە ژنە. نووسەرێکی سەختو دڵرەقە.

بەڵێ؛ تاکو ئەمرۆش، هیچ ژنو کچو ئافرەتێکی ئەورووپایی نییە کە ئۆگۆست ستریندبێرگ بە"دژی ژن"و "ئەنتی فێمینیزم" تەئویل نەکات.

ستریندبێرگ پێی وایە ژن بۆ ئەوە خولقاوە پیاو ئیزعاج بکاتو ببێتە لەمپەرێك لەبەردەم پێشکەوتنو ئازادییەکانی پیاو. لەهەر کوێیەکدا ئیرادەی ژن بێتە کایەوە، ئیرادەی پیاو کۆتایی پێ دێ. لەهەر کوێیەك دەسەڵاتی ئافرەت بێنە ئارا، ئەوا ئازادیی پیاو یان دەسەڵاتی پیاو دەکەوێتە مەترسیو نەهامەتییەوە. لێرەشەوە: جەنگێك لەناو خێزاندا، کارەساتێك لەناو ژیاندا، باڵایەك لەناو سروشتدا دەتەقێتەوەو چارەنووسی مرۆڤ رووبەڕووی تراژیدیایەکی هەژەند دەکاتەوە.

ناخۆش ئەوەیە ستریندبێرگ لە سەردەمێکدا کەوتە رەگازۆکردنی ئەم جیهانبینییە تاکڕەوەی خۆی، کە فێمینیزم تازە خەریك بوو لە سوێدو ئەورووپا سەری هەڵدابوو؛ ژن تازە خەریك بوو داوای مافو ئازادییەکانی خۆی دەکرد.

ستریندبێرگ هاوڕێی فرێدریك نیتشەی ئەڵمانی بوو. رەگو ڕیشەی هەردووکیشیان دەگەڕایەوە بۆ (داروینییە کۆمەڵایەتییەکان)و تیۆرە بایۆلۆژییەکەی داروین لە بەستێنی(ململانێی نێوان نێرو مێ) لەپێناو مانەوەو دەسەڵاتدا.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ستریندبێرگ بۆ خۆی دەردو مەرگەساتی لە ژیانی خۆیدا بەدەست ژنەوە نەبینییوو.

ستریندبێرگ ئەو دیدە رۆمانسیو باوەی لەبارەی ئافرەتەوە هەمبوو، وردو خاشی کرد. پێمی گوت: ئازادیی ژنو..دەسەڵات پەیداکردنی ئافرەت، یەعنی: تراژیدیا.

ئەم کتێبە

• **پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**

## ڕیالیزمی بێ سنوور

دەرسم دەووتەوە، لە ڕیالیزم دەدووام بە هەموو ناوەکانی یەوە، بەهەموو جۆرەکانی یەوە، یان وەك لای من وایە بە هەردوو جۆرەکەیەوە. کتێبێکم هاتەوە یاد، لەکتێبخانە قەرەباڵغە، نا ڕێکوپێکەکەمدا بەلاَم نەمدۆزیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەرۆك و جۆری ئەو کتێبەم لەبیرە.

ڕۆژی یەگاردۆدی، یا وەك عەرەب دەنووسن (روجیە) فەیلەسووفێکی گەورەی فەڕەنسی یە، نووسین و ڕۆمان و گەلێ شتی تری نووسیوە، کە ئەم کتێبەی بەناوی (واقیعیة بلا ضفاف) چەند دە ساڵێك لەمەوبەر کرا بەعەرەبی، لە لای ڕیالیستەکان دەنگ بەرزبۆوە،چۆن (ڕیالیزم بێ سنوور بێ)؟ بەڵێ: من وام وەرگێڕا (نەك- بێ کەنار)، هەموو وامان لێکدەدایەوە، کە ئەمە چوونە دەرەوەیە لە (سنووری ڕیالیزم) کە دەبێ وەك هەموو شتێك (سەرەتاو کۆتایی) هەبێ، قسە گەیشتە سەر ئەو فەیلەسووفە گەورەیەو سەر بیری خۆی و حیزبەکەشی (حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسا) کە ئەو یەکێك بوو لەسەرکردەکانی، تا ئێستا ئەو کتێبە بەشایانی خوێندنەوە دەزانم، چونکە رایەکی فراوان و قووڵە لەبارەی ڕیالیزمو ئەدەبەوە (بابەتەواوی لەگەڵ بیرەکانیدا نەبین)، چونکە تێگەیشتن لەئەدەبو لەژیانیش بەپێی ڕێرەوی ژیان دەگۆڕێ. بەلاَم ئەوەی لەبارەی گارۆدی یەوە دەووترا ڕاست دەرچوو، ئەو زۆری خوێندۆتەوە، بەزۆر هەورازی بیردا سەرکەوتووە، زۆری نووسیوە، بەلاَم دووا هەواڵی کە بیستبێتم (خەریکبوون بوو بە بیری ئیسلامەوە)، چاوەڕێی ئەوەبووم، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و فەیلەسوفانەی مارکسیانە لەبارەی ئیسلامەوە بخوێنمەوە، وەك ئەوانەی هاوڕێی نەمرم (هادی ئەلعەلەوی) نووسیونی، بەلاَم کتوپڕ هەواڵێکم خوێندنەوە کە (گارۆدی) لەسەر دەستی (قەزافی)دا موسوڵمان بووە، ئیتر هەواڵ و نووسینیم نەبیست و نەدی. بەلاَم ئەم ئەنجامەی ئەو و چەند کەسیتر خستمیانە سەر ئەوەی بڵێم زۆر قووڵبوونەوەو زۆر ڕۆچوون بەناو جیهانی فەلسەفەو لێکدانەوەیدا لای هەندێك دەبێتەوە هۆی سیستێمی بیرکردنەوە، خوا لەوەمان بپارێزێ. بیرکردنەوەو نووسینم لا باشە، بەلاَم ئەو جۆرە گۆڕانە دەمخاتە سەر بڕیاریتر لەبارەی خاوەنی یەوە، لەگەڵ ئەوەشدا (گارۆدی) لای من هەر گەورەیەوە هەر فەیلەسووفە.

## لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی نیشتمانیی ئەرجەنتین

**ئا. تابان حەسەن**



**کتێبخانەی نیشتمانیی ئەرجەنتین**

بە کتێبخانەی گشتیی (بوینس ئایرس)یش ناسراوە، ساڵی ١٨١٠ بەبڕیاری ئەنجومەنی سەربازیی یەکەمین حکومەتی وڵاتەکە دامەزرێنراوەو دواتر ناونراوە کتێبخانەی نیشتمانی.

ئەم کتێبخانەیە کە لە پایتەختی ئەرجەنتیندایە، بە مەبەستی ئاگاداربوونی هاووڵاتیان لە ژیانی سیاسیی و مەدەنیی دامەزرێنراوە، هەرچۆن بۆ داکۆکی لە فێرکردنی گشتیی بووە، لە پێناوی بونیادی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا.

یەکەمین بەڕێوەبەری د. ساتوزینۆ بووە کە یەکێك بووە لەپیاوانی کلێسە، دوای گەشەپێدانی، بەڕێوەبەرە یەك لە دواییەکانی کاریان کردوە بۆ داڕشتنی سیستمی پۆلێنێکی هونەریی لەسەر بنەمای بیبلیۆگرافی، هەرچۆن پێڕستیان بۆ سەرجەم دەستنووسەکان ڕێکخستووە، هاوکات دوو گۆڤاری ناسراو لەلایەن کتێبخانەکەوە دەرکراون کە یەکەمیان گۆڤارێکی ئەدەبیی دەرەوشاوەو دووەمیشیان تەرخان بووە بۆ پێناسەی کتێبخانەکەو چالاکییەکانی.

### سەرچاوەکانی کتێبخانەکە

بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر لە چاپەکانی کتێبی پیرۆز (ئینجیل)، ژمارەیەکی زۆر لە چاپکراوەکان وەکو دیاری گەیشتوونەتە کتێبخانەکە، لەوانە زیاد لە ١٨ هەزار بەرگی کتێبەکانی سەدەی نۆزدەیەم لەلایەن یاساناس(ئەمانسیۆ)وە، هەروەها دیارییەکانی(گارسیا) کە بریتی بوون لە دۆکیۆمێنت سەبارەت دروستکردنی شاری بوینس ئایرس.

### تەلاری نوێی کتێبخانەکە

ساڵی ١٩٥٨ شوێنی نیشتەجێبوونی سەرۆك (خوان بیرۆن) کراوەتە بناغە بۆ کتێبخانەی نیشتمانی، ساڵی ١٩٦١ نەخشەسازیی بۆ کراوەو لە١٩٧١دا دەستکراوە بەجێبەجێکردنی و دوای ٢١ ساڵ لە ١٠ی ئەپریلی ١٩٩٢ دا کراوەتەوە.

کتێبخانەکە شێوازێکی تەلارسازیی قەشەنگی هەیەو تیایدا خوێندکارانی ئەندازەی تەلارسازیی وانەی پراکتیکی دەخوێنن.

ئێستا، لەگەڵ قووڵبوونەوەی سیستمی دیموکراسییەتدا ئەم کتێبخانەیە بەشداری کارایە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریداو بووەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ هامشۆکەرانی.

**(بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر لە چاپەکانی کتێبی پیرۆز/ ئینجیل، ژمارەیەکی زۆر لە چاپکراوەکان وەکو دیاری گەیشتوونەتە کتێبخانەکە، لەوانە زیاد لە ١٨ هەزار بەرگی کتێبەکانی سەدەی نۆزدەیەم)**



**بوینس ئایرس پایتەختی ئەرجەنتین**

**سەرچاوە: ویکیپیدیا**

## لەبارەی کتێبەوە..

# کاوە محەمەد: کتێب مانای ژیانی پیشاندام، بەلاَم خۆشییە موزەیەفەکانی لێسەندمەوە

**لەمێژە وتراوە (کتێب) هاوڕێی نوسەران و ڕۆشنبیرانە، بەلاَم کەمتر لەبارەی خودی کتێبەوە دواوین، هەربۆیەشە لێرەدا بۆچوونی نووسەران و ڕووناکبیرە پڕبەرهەمەکانی کورد دەربارەی کتێب دەخەینەڕوو.**

**ئا: کارزان محەمەد**

*** چۆن و کەی فێری خوێندنەوە بوویت؟**

–لەکۆتایی حەفتاکاندا خەمی فێربوونی زیاتر لە کتێبی وانەکانی مەکتەبم لادروست بوو، ئیتر تینوێتیم بۆ زانین، تەنیا بەکتێبەکانی ناو جانتای قوتابخانە نەدەشکا، بۆیە لەوکاتەوە دەستمکرد بەخوێندنەوەی هەندێ لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە. دواتر لەسەرەتای هەشتاکاندا خوێندنەوەی کتێب بەشێك لەژیانی داگیرکردم....کتێبخانەی گشتیی هەولێر بووە جێژوانی من لەگەڵ کتێب، بەتایبەتیش لەکاتی پشووەکانی نیوەی ساڵ و هاویندا. هەندێجار چەندین کاتژمێرم لەوێ بەدیار خوێندنەوە بەڕێدەکرد، دواتریش چەند کتێبێکم دەخواست و لەماڵەوە دەمخوێندنەوە. ئەمە بوو سەرەتای یەکتر ناسینی من لەگەڵ دنیای کتێب و خوێندنەوە.

*** یەکەم کتێب چی بوو کە خوێندتەوە؟**

– لەراستیدا زۆر بەوردی نایەتەوە بیرم یەکەم کتێب چی بوو کە خوێندمەوە، بەلاَم لەنێوان (ژانی گەل)ی مامۆستا (برایم ئەحمەد) و (تاریك و روون)ی مامۆستا هێمن موکریانیدا یەکێکیان بوون، چونکە هەم کات و سەردەمەکەی ئەوسا کە رژێمی بەعس هەرچی بۆنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لێهاتبا سەرکوتی دەکرد، هەم تەمەنەکەشم...دەیانخستمە سەر ڕێگای گەڕان بەدوای دۆزینەوەی خۆم لەو کتێبانەدا کە ئۆخەی بە بەشێك لەخۆزگە نەتەوەییەکە دەکەن..ئاخر کە لە(تاریك و روون)دا ئێمەی هەرزەکارو گەنج، شیعرە جوانەکەی (کوردم ئەمن)ی مامۆستا هێمنمان دەخوێندەوە، وامانزانی کێوێکی داگیرکەرو دیکتاتۆریەتمان رماندووەو بەردەوام لەگەڵیدا دەمانوتەوە:

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن

دوای ئەوەش چەند کتێبێکی نووسەری گەورەی عەرەب (سەلامە موسا)م خوێندەوە، هەم ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر کردم و هەمیش دەرگای خوێندنەوەو فێربوونی زیاتر بۆ کردمەوە.

*** کام کتێب لە یادەوەریتدا ماوە؟ بۆچی؟**

–لەراستیدا ڕۆمانی (دایك)ی مەکسیم گۆرکیم هەرگیز لەیاد ناچێتەوە، چونکە رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەقووڵکردنەوەی باوەڕم بەمارکسیزم و شۆڕش دژی داگیرکەران... پێموایە وەك چۆن زۆربەی ڕۆشنبیرانی کوردو عێراق لەژێر پاڵتۆی فکری چەپدا هاتوونەتە دەرێ، بەهەمانشێوە (ڕۆمانی دایك) جومگەو وێستگەیەکی سەرەکیی ئەو کاریگەرییە فکرییە باوەی ئەوسای ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردوو پێکدێنێ، بۆیە بەدەگمەن لەوانە هەیە ئەو شاکارەی (گۆرکی) نەخوێندبێتەوەو هەموو ئایندەی لەرێگەی ڕووداو و کاراکتەرەکانییەوە نە نەخشاندبێت.

*** حەزت دەکرد کام کتێب لەنوسینی خۆت بووایە؟**

–زۆرن ئەو کتێبانەی حەزم دەکرد لەنووسینی من بوونایە، بەلاَم نموونەیەك کە ئێستا لەیادم بێت، کتێبی (کرکوك و توابعها...حکم التاریخ و الضمیر)ی مێژوونووسی گەورە (د.کەمال مەزهەر)ە، کە لەراستیدا کتێبێکی زانستیی زۆر بەنرخە.

*** کتێب چی پێبەخشیت؟ چی لێ سەندیتەوە؟**

–کتێب، بیرکردنەوەو هەڵوێستی پێبەخشیم، ترسی لەئازایەتیی شکاندم، لە چاڵەکانی گێلێتیی دووریخستمەوە، ئەودیوی ماناکانی ژیانی پیشاندام. بەلاَم خۆشییە موزەیەفەکانی لێسەندمەوە.

*** خۆشترین نوکتەو یادەوەریت لەگەڵ کتێبدا چی بووە؟**

– یادەوەرییە ناخۆشەکانم زیاترن لەگەڵ کتێب، بەتایبەتیش فەوتانی چەندین کتێبم لەکاتی کۆڕەوەکەی (١٩٩١) و کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆ کە بەشێکیان زۆر دەگمەن و خۆشەویست بوون لەلام، بەلاَم یادەوریی خۆشم ئەو کاتە بووە کە کتێبم هەبووەو دیار نەماوە، دواتر هاوڕێیەکم دوای چەند ساڵێك بۆی گەڕاندوومەتەوە... لەراستیدا ئەو ساتانە یادەوەرییەکی زۆر خۆشن و کتێبەکەیشی خۆشەویستر کردوە.



***کاوە محەمەد**

–ساڵی (١٩٦٦) لەشاری هەولێر لەدایکبووە.

– ساڵی (١٩٨٩) بەشی بایۆلۆجی لەکۆلێجی زانستی زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردوە.

–لە ساڵی (١٩٩١)ەوە لەبواری ڕۆژنامەنووسییدا کاردەکات.

–لە ساڵی (١٩٩٢-ەوە) لەرۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کاری کردوەو دواجار زیاتر لە (٧) ساڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بووە، دواتر لەناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٩) دەستی لەکارکێشاوەتەوە.

–خاوەنی چەندین وتارو گۆشەی ڕۆژنامەنووسییە، ئێستاش ڕۆژانی پێنجشەممە گۆشەیەکی هەفتانەی لەرۆژنامەی (ئاسۆ) هەیە.

–ساڵی (٢٠١٠) کتێبێکی بەناونیشانی (مانشێت) چاپکردووە، پرۆژەی چاپکردنی چەند کتێبێکی دیکەی لەبوارەکانی سیاسیی و ڕۆژنامەنووسی لەبەردەستدایە.

# حیکایەتە سەیرەکانی یەکەم سەردانی کتێبخانە

**راپۆرتی: محەمەد کەریم**

پێموایە یەکەم سەردانی هەر جێگایەکی نوێ بەنیسبەت مرۆڤەوە ئاسان نییە، بۆیە tووشی شڵەژان و پەشۆکانی دەکات. بەدڵنیاییەوە پێویستی بەکەسێکە کەڕێنمایی بکات. یەکەم سەردانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانیش بۆ خۆی کۆمەڵێ حیکایەتی خۆش و ناخۆشی لێدەکەوێتەوە. هەوڵدەدەم لەم راپۆرتەدا لەزمانی هەندێ لەو دۆستانەوە کە بۆ ئەم مەبەستە قسەم لێوەرگرتوون، هەندێ لەو بەسەرهاتانە بگێڕمەوە، لەسەر داوای خۆشیان لەجیاتی ناوی راستەقینە ناوی خوازراوم بۆ داناون.

**فەرەیدون** کەئێستا رۆژنامەنووسێکی چالاکە پێی وتم: ساڵی١٩٨٥ بۆ یەکەمجار سەردانی کتێبخانەی گشیی سلێمانیم کرد. ئەو کاتە لەچواری ئامادەیی بووم، دەبوو راپۆرتێك لەسەر حاجی قادری کۆیی ئامادە بکەم. هەر کە لەدەرگای کتێبخانەکەوە هاتمە ژوورەوە ئەژنۆم دەلەرزی، زانیم ئەم پەشۆکانەم شتێکم پێ دەقەومێنێ، بۆیە لەبەر خۆمەوە هەر دەموتەوە(حاجی قادری کۆیی) هەتا گەیشتمە بەردەمی کارمەندێکی ژن لەبەشی خواستن. ئەو خانمە وەك ئەوەی گیاندارێکی کێویی عەجایبی دیبێ، بەشێوەیەکی سەیر سەرنجی قەدوباڵامی داو هەموو شتێکی لەبیر بردمەوە. کاتێ چوومە بەردەمی کارمەندەکە هیچم لەبیر نەمابوو. وتی فەرموو: وتم: دیوانی حاجی حەسەنی گڵەزەردە هەیە، سێ کارمەندی لێبوو، وەها پێم پێکەنین، سوورو شین هەڵگەڕام، هێندەی نەمابوو بچم بەناخی زەوییەکەدا. ئینجا ئەو کارمەندەی سەرەتا چاوی تێبڕیم وتی: کاکە ئەویش حاجی حەسەنی گڵە زەردە نییە، شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە. من هەر سووربووم لەسەر قسەکەی خۆم و وتم: بەخوا حاجییە، وتی: کاکە دەزانم بەدوای دیوانی حاجی قادری کۆیی– دا دەگەڕێی، ئاهێکم پێدا هاتەوەو وتم: دەمخۆش حاجی قادری کۆیی، ئیتر رێنمایی کردم و دیوانەکەم دەستکەوت، بەڵام ئێستاش کە بیرم دێتەوە پێکەنینم بەخۆم دێت.

**سروە** کەئێستا لێپرسراوی بەشی ژمێریارییە لەفەرمانگەیەك پێی وتم: ساڵی ١٩٨٦ بۆ یەکەمجار سەردانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانیم کرد، ئەوسا لەشەشی ئامادەیی بازرگانی بووم، وەك ئەوەی بچم بۆ بازاڕ جوان جوان خۆم گۆڕی و یەك دنیا بۆنم لەخۆم دا، جووتێ پێڵاوی پاژنە بەرزم لەپێکردو بە بڕوای تەواوەوە خۆم کرد بەکتێبخانەدا. ئاسایی ئەو سەرچاوەیەم وەرگرت کە لەسەر ژمێریاریی بوو، خستمە بن دەستم و چووم بۆ هۆڵی خوێندنەوە، بۆئەوەی شتەکانم بنووسم و سەرچاوەی تر وەربگرم. کەچووم دابنیشم تەقەی پێڵاوەکانم رۆژەڕێیەك دەڕۆی! هەموو ئەوانەی سەریان بەسەر کتێبدا شۆڕکردبۆوە، سەریان هەڵبڕی و بە سەرسوڕمانەوە سەیری منیان کرد، بێ ئەوەی هیچ خۆم تێك بدەم هەروا بە لەنجەولار چووم لەجێگایەك دابنیشم، گوێم لێبوو یەکێك وتی (ماشاڵڵا تەقەی پێڵاوەکانی دەڵێی هی ئەسپی قەتارچییە)، ئاسایی چووم لەسەر کورسییەك دابنیشم، نەمزانی بۆچی لەو قەرەباڵغییەدا ئەو کورسییە چۆڵ بوو؟ تومەز قاچێکی کورسییەکە شکابوو، هەر دانیشتم و دانەنیشتم کورسی لەژێرما رۆیشت و بەپشتا کەوتم، هەردوو قاچم کەوتە ئاسمان، بڕوابکە یەك هاڕەی پێکەنین هات، وەختەبوو لەتەریقیدا گیانم دەرچێت، هەر نەمزانی چۆن دەرپەڕیم و رۆیشتم. لەو کاتەوە ئەوەندە لەکتێبخانە ترساوم هەرکاتێ بچم پێڵاوی فلات لەپێ دەکەم و بەرلەوەی دانیشم جوان دەست لەکورسییەکە دەدەم بزانم سەلامەتە.



یەکەم سەردانی کتێبخانە پێویستی بە رێنمایی کارمەندان هەیە

**میران** کەئێستا تەمەنی ٤٤ ساڵەو سەرتاشخانەی هەیە سەبارەت بەیەکەم سەردانی بۆ کتێبخانەی گشتی، حیکایەتێکی زۆر غەمباری بۆ گێڕامەوەو وتی: ساڵی ١٩٨٥ کەئەوسا لەڕێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کارم دەکرد، یەکەمجار سەردانی کتێبخانەم کرد، بۆ کتێب خوێندنەوەو شتی وا نەبوو، من کۆمەڵێ بڵاوکراوەی رێکخستنم پێبوو، لەگەڵ هاوڕێیەکی کۆمەڵەدا مەوعیدمان هەبوو، لەوێ بڵاوکراوەکانی تەسلیم بکەم و ئەو بڕوات و دوایی منیش بەدوایدا بچمە دەرەوە. دانیشتم و خۆم بە کتێبێکەوە سەرقاڵ کرد، برادەرەکە هات و لەتەنیشتمەوە دانیشت، بڵاوکراوەکانم بەجێهێشت و چووم بۆ سەرئاو، هەتا هاتمەوە ئەو وەك بڕیار بوو بڵاوکراوەکانی بردبوو، منیش ئەو کتێبەم هەڵگرت کەهی (میشێل عەفلەق) بوو، هەر بۆ چاوبەستەکی هێنابووم، هاتمەوە دەرەوە تا بەرەو حەسیب ساڵح بڕۆم، تەماشامکرد هاوڕێکەم گیراوەو واسواری شوفرلێتی ئەمنەکانی دەکەن، بەرەو خوار بوومەوەو چووم برادەرانی رێکخستنم ئاگادار کردەوە کەئەو گیراوە، ئاخری مەسەلەکە واکەوتەوە کەمن ئیخباریم کردبێ، هەرچەند ئەمسەرو ئەوسەرم کرد، سوودی نەبوو، دواجار هاوڕێکەم ئیعدام کراو ئەوەندەی تر کەس و کارەکەی رقیان لێهەڵگرتم، دوایی وازم لەکۆمەڵەش هێناو دوور کەوتمەوە، بەڵام ئێستاش باوەڕیان پێنەکردم کە من ئیخباری هاوڕێکەمم نەکردووە، خوای من و تۆ کردی و لەڕاپەڕیندا فایلکەیم دەسکەوت، ئەوسا زانیم ئامۆزایەکی خۆی ئیخباریی کردبوو، بۆیە لەوساوە نەچوومەتەوە بۆ کتێبخانەی گشتی و قەتیش ناچمەوە، چونکە بەدەست ئەو یەکەم سەردانەوە شەش ساڵی رێك ئازارم چەشت.

حیکایەتەکانی یەکەم سەردانی کتێبخانەی گشتی زۆرن، بەڵام بۆئەوەی بابەتەکەم زۆر درێژ نەبێت لێرەدا لەکورتی بڕیمەوە. بەو هیوایەی بتوانم لەدەرفەتێکی تردا، بچمەوە سەر ئەم بابەتەو درێژە بەم راپۆرتە بدەم. هیوادارم ئەوانەی ئێستا سەردانی کتێبخانەی گشتی دەکەن، tووشی حیکایەتی ناخۆش نەبن.

هەروەها کارمەندانی کتێبخانەش بە هێمنی و سنگ فراوانییەکی زۆرەوە رێنمایی ئەو خوشك و برایانە بکەن کەبۆ یەکەمجار سەردانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەکەن ئاگایان لەڕێ و شوێنی کتێب وەرگرتن و کتێب خوێندنەوە نییە.

# چەند پێشنیازێك لە پێناوی گەشەپێدانی زیاتری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

**ئاری بابان***

١- نەبوونی رێژەیەکی دیاری کراو بۆ فەوتان و (تەلەف) بوونی کتێب، کە لە هەموو کتێبخانەکانی جیهاندا هەیەو لەلای ئێمە تاوەکو ئێستا بە یاسا رێژەیەك بۆ ئەو کتێبانە دانەنراوە، بەڵام لەساڵەکانی هەفتاکانداو لەکۆنگرەی سێیەمی کتێبخانەکانی عێراقدا رێژەی لە هەزار کتێب ٣ کتێب بۆ ئەو مەبەستە دانرابوو، بەڵام ئەمە پێویستی بە رێنمایی و یاسا هەیە.

٢- لەبەر ئەوەی کتێب دوا دەکەوێت لە گەڕانەوە، یان لەلای ئەو کەسەی وەریگرتووە ون دەبێت، پێویستە رێنمایی و یاسایەکی تایبەت دەربچێت بۆ (غەرامەکردنی) ئەو کەسانەو پێشنیاز دەکەین بۆ کتێبی ونبوو (٥) قاتی نرخی ئەمڕۆی کتێبەکە بێت و بۆ دواکەوتنیشی لە هەفتەی یەکەمدا(٢٥٠) دینار بێت و لە هەفتەی دووەمەوە ببێت بە (٥٠٠) دینارو بەو جۆرە.

٣- بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، پێویستە رێنماییەکی روون هەبێت بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ خوێندکاران لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن داو هاوکات بۆ کارمەندو فەرمانبەران و کەسانی دیکە، کە ئێمە وەك کتێبخانەی گشتیی سلێمانی پێشنیاز دەکەین هەزار دینار لە خوێندکاران وەربگیرێت بۆ دروستکردنی ناسنامەو چاککردنەوەی کۆمپیوتەرە بەکارهاتووەکان و (٣٠٠٠) هەزار دینار وەربگیرێت لەوانی دیکە بەپێی وەسڵی ژمێریاری تایبەت بۆ هەر مانگێك.

٤- ئەمڕۆ لە کوردستان دا سێ پەیمانگای تایبەت هەیە بەزانستی کتێبخانەکان و داواکارین دەرچووانی ئەو بەشە لە کتێبخانەکان دابمەزرێن لەبەر ئەوەی کێشەی کادیری پسپۆری کتێبخانەمان هەیەو زۆربەی زۆری ئەوانەی ئێستا لە کتێبخانە کار دەکەن پەیوەندییان بەکتێبخانەوە نییەو بەبێ بەرنامە خەڵکی لە کتێبخانە دادەمەزرێت.

٥- ئەو کەسانەی لە گەنجینەی کتێبدا کار دەکەن رۆژانە مامەڵە لەگەڵ کتێبی زۆر کۆن و تۆزاویدا دەکەن، کە جۆرێك لە بەکتریا پەیدا دەکات و دەبێتە هۆی(حەساسیەتی پێست) بۆیە پێویستە ئەو کەسانە دەرماڵەی مەترسییان هەبێت بەپێی یاساو رێنماییەکان و چەند جارێك ئەم داواکارییە بەرزکراوەتەوە بەڵام تاوەکو ئێستا کە هیچ یاساو رێنماییەك لەو بارەیەوە دەرنەچووە.

٦- نەبوونی سیستمێکی تایبەتی بەهەموارکردنی پۆلێن کردنی دیوی بۆ کتێبخانەی کوردی کێشەی سەرەکیی هەموو زمان و ئەدەب و مێژووی کوردە، ئەمەش وایکردووە هەر کتێبخانەیەو بەجۆرێك کار بکات و سیستمێکی یەك گرتوو نەبێت بۆ کتێبخانەکانی کوردستان.

٧- هەر کتێبێك بۆ ماوەی چەند ساڵێك وەرنەگیراو بەکار نەهات پێویستە لە گەنجینەی سەرەکیی کتێب دوور بخرێتەوەو لە گەنجینەیەکی تایبەتی هەڵبگیرێت، یان بۆ کتێبخانەیەکی دیکە دابنرێت کە پێویستی پێی هەیە، ئەمەش پێویستی بەرێنمایی هەیە.

*کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، وەك دامەزراوێکی رۆشنبیری و پەروەردەیی گرنگ لەم شارەدا، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە(ساڵی ١٩٤٤) تا دەگات بەمڕۆ، رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریدا.*

*لەئێستادا، سەرچاوەکانی بوونەتە مایەی سوودبینینی خوێنەرو خوێندکاران و توێژەران، ئەمە وێڕای چەندین بەش و چالاکیی تری وەك(بەشی ئینتەرنێت)و (هونەری منداڵان)و..تاد، کە بوونەتە جێگای سوودوەرگرتنی رۆژانە..*

*بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، سەرجەم کتێبخانەکانی کوردستان و بەتایبەت(کتێبخانەی گشتیی سلێمانی) کۆمەڵێك کێشەو گرفتی جۆراوجۆر لەبەردەم کارکردنیاندایە کە لێرەدا ئاماژە بەگرنگترینیان دەکەین، دڵنیاین بە چارەسەریان ئەم کتێبخانەیە وەك کۆنترین و خاوەن ئەزموونترین کتێبخانەی کوردستان، کە لەمڕۆدا ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی خاوەن ئەزموون و پسپۆر کاری تێیدا دەکەن، دەتوانێت لە داهتوودا رۆڵی بەرچاوتر ببینێت، ئەوانیش:*

٨- پێویستمان بە بەشێکی تایبەتی هەیە بۆ (بینین و بیستن) بۆ ئەوەی لە رێگای بیستنەوە گوێ لە خوێندنەوەی کتێبێك بگیرێت، ئەمەش سوودی زۆری هەیە بۆ نابینایان و نەخوێندەواران کە دەتوانن لەرێی بیستنەوە سوودیان لێ وەربگرن و ئەمەش پێویستی بە ئامێرو کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە.

٩- بۆ ئەوەی کتێبخانەیەکی هاوچەرخ و سەردەمییانە دروست بکەین و هەموو کەسێك بتوانێت لە رێگای کۆمپیوتەرەوە سەرچاوەکان بدۆزێتەوە سەرەڕای کارت و رێنمایی دیکەی وەك بیبلیۆگرافیا، پێویستمان بە تۆڕێکی نێتۆرك و سێرفەرێك هەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە.

١٠- ئێمە لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بڵاوکراوەیەك دەردەکەین بە ناوی (ئاسۆی کتێبخانە) و تاکە مانگنامەیە کە دەربارەی زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان و رۆشنبیریی کتێبخانەیی دەخاتە بەرچاوو وەك بڵاوکراوەیەکی پسپۆڕ بەسەر هەموو کتێبخانەکانی کوردستان و پەیمانگا پەیوەندیدارەکان بە زانستی کتێبخانەکانەوە دابەش دەکرێت.

بەڵام تا ئێستا کێشەی بودجەی دەرکردنی ئەو رۆژنامەیەمان هەیەو هەر جارەی بەتەکلیف کردن و پەیوەندی تایبەتی خۆمانەوە بودجەی بۆ چەند ژمارەیەکی دابین دەکەین، بۆیە پێویستە بودجەیەکی تایبەتی هەبێت تاوەکو بتوانین بەردەوامبین لەدەرکردنی.

١١- پاککردنەوەی شووشەو مەڕمەڕە بەرزەکانی کتێبخانە کێشەیەکی گەورەیەو پێویستە کۆمپانیایەکی تایبەت بەپاککردنەوە بەوکارە هەستێت، هەروەکو لە کتێبخانەی هەولێردا هەیەو بودجەکەی لەسەر پارێزگایە.

١٢- کێشەی رووناکی و سووتانی بەردەوامی گڵۆپەکانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی رۆژانە رووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی کەم و کورپی لە دامەزراندنی کارەبای کتێبخانەوە کە بوونە هۆی ئەوەی هەندێك لە هۆڵەکانمان وەکو پێویست رووناك نەبێت، بۆیە پێویستە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت بە دانانی سیستمێکی دیکەی رووناکی بۆ کتێبخانە.

١٣- سیستمی ساردوگەرمیی لە کتێبخانەدا وەکو پێویست نییەو تەنیا سپلیت بەکار دێنین بۆ هۆڵە گەورەکان و ئەویش دەبێتە هۆی تێکچوون و لە کارکەوتنیان و دەبێت رۆژانە خەرجی تیابکەین بۆ چاککردنیان، لە کاتێکدا (تەبریدی مرکزی)مان هەیەو لەکارکەوتووە، لەبەر ئەوەی تەنیا (١) ساڵ پاش نۆژەنکردنەوەی کتێبخانە بەرگەی کارکردنی گرت!

دیارە دانانی (ساردوگەرمیی مەرکزی) چارەسەری کیشەی ساردوگەرمیی دەکات لە کتێبخانەدا.

١٤- کارکردن بۆ ئەنجامدانی خولی تایبەت بۆ کارمەندانی کتێبخانەکان لە هەموو شارەکانی کوردستاندا، بەتایبەت بۆ کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، لەبەر ئەوەی کۆی (٢٠) کتێبخانە لەشارو شارۆچکەکانیدا هەیە بە (کتێبخانەی سلێمانی)یەوە، هەروەها ناردنی کادیرانی کتێبخانە بۆ دەرەوەی هەرێم بەمەبەستی بینین و وەرگرتنی زانستی کتێبخانەکان (مشاهدە) لە کتێبخانەکانی دەرەوەدا، کە تا ئێستا ئەم هەلە بەتەنیا بۆ کتێبخانەکانی هەولێر رەخساوە، لەکاتێکدا (کتێبخانەکانی سلێمانی)یش پێویستی زۆریان بەو خول و سەردانانە هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و زانیاریی کادیرانی کتێبخانەکانمان.

١٥- زۆربەی کتێبخانە گشتییەکانی شارۆچکەکانی سلێمانی کە ژمارەیان(١٩) کتێبخانەیە، کەموکوڕی بەرچاویان هەیە لەرووی کادیری پسپۆڕی کتێبخانەوە، هەروەها لەرووی کارگوزارییەوە، هەرچۆن کتێبخانەی (خدران) هیچ کەسێکی بۆ دانەمەزراوەو کتێبخانەی (سەرگەڵوو) تەنیا یەك فەرمانبەری هەیە، هەر بۆیە دامەزراندنی کارمەندو کارگوزار بۆیان کارێکی هەنووکەیی یەکجار پێویستە.

١٦- کەموکوڕیی کەرەستەو هێڵی ئینتەرنێت کێشەی گەورەی سەرجەم کتێبخانەی شارۆچکەکانەو بەردەوام خوێندکارو لاوانی ئەو ناوچانە داواکارییەکانیان دووپات دەکەنەوە.

ئەم خاڵانە چەند تێبینییەکمان بوون بۆ ئەوەی بتوانین زیاترو زۆر باشتر خزمەتی خوێنەران و رەوشی رۆشنبیری و پەروەردەیی بکەین.

لەم شارەدا کە بەدرێژایی مێژوو پایتەختی بزووتنەوەی رۆشنبیری بووە، هەق وایە خەمخواردنی (کتێبخانەی گشتی) لە ریزی بایەخدانەکاندا بێت.

*بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# چەند تێڕامانێك سەبارەت بە کتێبو خوێندنەوە

**(٢-٢)**



**ئازاد بەرزنجی**

کەواتە خوێندنەوە لەگەوهەردا پرۆسەیەك نییە بۆ کات کوشتن، وەکو لای زۆر کەس وایە، بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەقڵو پەرەدان بە تواناکانی شیکردنەوەو لێکدانەوە. خوێندنەوە هەوڵدانە بۆ زیاتر خۆناسینو ئەویترناسینو دونیاناسینو شۆڕبوونەوە بە نهێنییەکانی مرۆڤ و جیهاندا.

لێرەوە گرنگیی رۆڵی خوێندنەوەمان لە ژیانی مرۆڤدا بۆ دەردەکەوێ.

هەربۆیە بایەخدان بەکتێب بایەخدانە بە بەشێکی گرنگی ژیانو ئەزموونی مرۆیی‌و، بوونی کتێبخانە پێداویستییەکە لە پێداویستییە سەرەکیەکانی ژیانی ئەم سەردەمە. شیشرۆن زۆر جوانی گوتووە کە دەڵێت:

*ماڵی بێ کتێب وەکو جەستەی بێرۆح وایە.*

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێ راستییەکی تری گرنگمان لەبیر بچێت کە ئەویش پەیوەندیی نێوان ئەزموونەکانی ژیانو ئەزموونەکانی خوێندنەوەیە. ئەوەبوو پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە ئەم گەردوونەی تێشیدا دەژین لە کتێبێکی گەورەی بێسەرەتاو بێکۆتایی دەچێت‌و، دیسانەوە ژیانی ئادەمیزادیش تێیدا وەکو کتێبێکی ئاوەڵایە کە پێویستی بە خوێندنەوەی ورد هەیە تا بتوانین پەی بە کونجو قوژبنە پەنهانەکانی بەرین. بۆیە مرۆڤ بەتەنها لەڕێی کتێبەوە ناگاتە بەشێك لە نهێنییەکانی بوونو ژیان، بەڵکو پێویستە ئەم خوێندنەوانە بە ئەزموونی مرۆیی‌و بە ئەزموونەکانی ژیان متوربە بکرێن. واتە خوردبوونەوە لە نهێنییەکانی ژیانو بوونو گەردوونو ئەزموونەکانی تاکەکەسو پەیوەندییە زیندووەکانی بە دونیاوە، گەر گرنگتر نەبێت، ئەوا هیچی لە گرنگیی خوێندنەوەی کتێبەکان کەمتر نییە. چونکە مەرج نییە هەمیشە راستییەکان خۆیان لەدووتوێی کتێبەکاندا حەشار دابێت. هەندێجار ئەزموونی زیندووی مرۆڤەکان دەچنە سەروو راڤەی نێو کتێبەکانەوە.

یەکێك لەو نووسەرانەی کە بە شێوەیەکی جوان باسی لەم پەیوەندییەو لەم هاوکێشەی ئەزموونی نووسین‌و خوێندنەوەو ئەزموونی ژیانە کردوە، رۆماننووسی ناوداری یۆنانی "نیکۆس کازانتزاکیس"ە لە رۆمانە بەناوبانگەکەیدا " زۆربا"(کە وەرگێڕانێکی جوانیشی لەبەر دەستی خوێنەری کورددا هەیەو لەسەر دەستی چیرۆکنووس‌و وەرگێڕ " رەووف بێگەرد" ئەنجام دراوە).

کازانتزاکیس لەم رۆمانەیدا دەیەوێت پێمان بڵێت کە مەرج نییە راستییەکان بەتەنها لەناو کتێبەکاندا گیریان خواردبێت، ئەوەتانێ ئەو راستییانەی زۆربا لەڕێی ئەزموونە تایبەتیەکانی ژیانی خۆیەوە پێیان دەگات، سەرۆك لەناو کتێبەکاندا پێیان نەگەیشتووە.

راستە تەمەنی مرۆڤ دەیانساڵێکە، لە کاتێکا کتێب کورتکردنەوەی هەزاران ساڵی مێژوو و ئەزموونی مرۆڤایەتییە، بەڵام هەندێجار لە پێچەکانی ئەو دەیان ساڵەدا گەلێ حەقیقەتی سەیرو سەمەرە خۆیان حەشار دەدەن.

خاڵێکی تر لەو خاڵانەی بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم مەسەلەی هەمەڕەنگییە لە خوێندنەوەدا. راستە ئەم سەردەمە بەوە ناسراوە کە تیایدا زیاتر بایەخ بە پسپۆڕێتی دەدرێ لە بوارێکدا، بەڵام ئاخۆ پسپۆڕێتی لە بوارێکدا بە مانای بێگایی دێت لە بوارو کایە رۆشنبیرییەکانی تر؟

لەڕاستیدا هەر پسپۆڕییەك بەم بیانووە خۆی لە بوارەکانی تری دونیای رۆشنبیری دابڕێت پسپۆڕییەکی هەژارو بەرتەسکە. واتە هەر پسپۆڕێك گەر رێگەی بەخۆی نەدا جگە لە بوارەکەی خۆی لە بوارەکانی تردا بخوێنێتەوە، ئەوا زەحمەتە بتوانێت بەدیدێکی فراوانەوە لە بوارەکەی خۆشیدا کارەکانی ئەنجام بدات.

مرۆڤ هەم پێویستی بەوە هەیە لە بواری زانستدا بخوێنێتەوەو هەم لە بواری فیکرو فەلسەفەو ئەدەبو هونەردا. تەواوی ئەم بوارانە، هەریەکەو لە لایەنێکی مرۆڤ دەدوێت‌و لە ئەنجامدا تەواوکەری یەکترین.

ئەمە جگە لەوەی خوێندنەوەی زانست وا لە مرۆڤ دەکات رۆحی شیکردنەوەو توێژینەوە و ئەنجامگیریی زانستیی لا بەهێز بێت‌و، خوێندنەوەی فیکر لایەنی لێکۆڵینەوەو ئارگیۆمینتی لا پتەو دەکات‌و ئەدەبو هونەریش خەیاڵو فەنتازیای دەوڵەمەند دەکەن‌و، بەنوقسانیی هەر یەکێك لەمانەش ژیانی ئادەمیزاد نوقسان‌و هەژار دەبێت.

کەواتە بۆ نموونە پسپۆڕێکی کۆئەندامی دەمار بەلایەنی کەمەوە پێویستە ئاگاداری بوارەکانی سایکۆلۆجی‌و دەروونشیکاری بێت، ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە شارەزایی سەبارەت بە کۆمەڵناسی‌و زانستی پەروەردەو سێکسۆلۆجی‌و تەنانەت دونیای ئەدەبو هونەریش بێت.

ئێستا لە دونیادا کەم نین ئەو حاڵەتە نەخۆشییانەی کە لەڕێی هونەرو مۆزیك‌و شیعرەوە چارەسەر دەکرێن.

ئەمە وەکو نموونەیەك، ئەگینا بوارەکانی تریش بە هەمان شێوە.

مامۆستایەك کە رۆحێکی شاعیرانەی هەیەو عاشقی مۆزیکە و خوێنەرێکی باشی رۆمانە، شێوازی لە وانەوتنەوەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ خوێندکارەکانیدا زۆر جیاوازە لە شێوازی مامۆستایەك کە بەتەنها وەکو وەزیفە سەیری مامۆستایەتییەکەی خۆی دەکات.



هەڵبەت لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە کەسانێکیش هەن کە چەندیش دەخوێننەوە، خوێندنەوەکەیان کاریگەرییەکی وا لەسەریان ناکات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو کەسانە خۆیان هەڵگری کۆمەڵێك گرێ‌و گوڵی دەروونین‌و سروشتێکی نیرۆسیسانە (عوسابیانە)یان هەیەو لەم حاڵەتانەشدا خوێندنەوە بەتەنها رۆڵی ماکیاجێکی دەرەکی دەبینێت‌و نابێتە توخمێکی کاریگەر لەسەر بونیادی کەسێتییان‌و لە نێوەندی رۆشنبیریی کوردیدا لەم جۆرە کەسانەمان زۆرن‌و دەکرێ لەڕێی زمان‌و شێوازی نووسینیانەوە کە زۆرجار پڕە لە هەڵچوون‌و ئازاردانی کەسانی تر یان تەشهیر پێکردنیان، بناسرێنەوە.

هەربۆیە زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین خوێندنەوەش هونەرێکە پێویستە شارەزای بین.

ئەو خوێنەرانەی بەڕۆحی هونەرمەندانەو بە سەودای عاشقانەوە مامەڵە لەگەڵ دونیای کتێبدا دەکەن، ئەوانەن کە بەشێك لەو عیشق و هونەرە بۆ ناو ژیان دەگوێزنەوەو لەهەر کتێبێکەوە فێری حیکمەتێکی نوێ دەبن.

کاتێك خوێنەر توانیی بگاتە ئاستی خوێنەری هونەرمەندو عاشق، ئەوکات دەشزانێت کام کتێبانە بۆ خوێندنەوە هەڵدەبژێرێت.

هەموو دەزانین کە ئێستا ئێمە لە دونیایەکدا دەژین زۆر بە خێرایی هەنگاو دەنێت و رۆژانە کتێب و گۆڤار چاپ دەبن‌و بڵاودەبنەوەو مرۆڤیش مەحاڵە بە خوێندنەوەی بەشێکی کەمیشیان رابگات.

بۆیە لێرەوە گرنگیی توانای هەڵبژاردن‌و توانای جیاکردنەوەی کتێبەکان دێتە گۆڕێ.

تەمەنی ئادەمیزاد سنووردارە، بەڵام کتێبەکان بێشومارن‌و گەر تەمەنی دەهێندەش بێت فریای خوێندنەوەی هەموویان ناکەوێت، لەبەر ئەمە خوێنەری ئاکتیف پێوستە بزانێت کام کتێبانە بۆ خوێندنەوە هەڵدەبژێرێت‌و کامەیان رێگای بۆ کورتتر دەکاتەوە.

تا ئێستاش زۆربەمان کە لە سەرەتادا دەست بەخوێندنەوە دەکەین، رێپشاندەرێکمان نییەو هەڕەمەکی دەست دەدەینە هەر کتێبێك کە سەرنجمان بەلای خۆیدا رابکێشێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەم هەڕەمەکێتییە لە خوێندنەوەدا زۆر زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت و کاتێك ئاوڕ دەداتەوە کاتێکی زۆری بە فیڕۆ چووە.

هەربۆیە هەڵبژاردنی کتێب یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکانی پەیوەست بە پرۆسەی خوێندنەوە.

هەڵبەت ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لیستێك‌و کلێشەیەکی دیاریکراو هەبێت بۆ خوێنەر تا بەگوێرەی ئەو لیست‌و کلێشەیە بخوێنێتەوە، چەنکە دواجار هەر خوێنەرەو بایەخدانی تایبەتیی خۆی هەیە، بەڵام بۆ نموونە خوێنەرێکی بواری فەلسەفە دەبێ ئاگاداری مێژووی فەلسەفە بێت‌و بۆ ئەمەش چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو هەن کە پێویستە بیانخوێنێتەوە، هەر لە سەردەمی یۆنانەوە تا سەدەکانی ناوەڕاست‌و رێنیسانس‌و سەردەمی رۆشنگەری، تا دێتە سەر کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم.بە هەمان شێوە بۆ بوارەکانی تریش.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بپرسین، ئایا خوێندنەوە بووە بە کلتورێك لەلای ئێمە؟

بە دڵنیاییەوە دەتوانین لە وەڵامدا بڵێین نەخێر.

بێگومان ئەمەش کاریگەرییەکی تەواو نەگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگای کوردی کردوە.

ئێمە کۆمەڵگایەکین تا ئێستا رێزی شایستەمان لە کتێب نەگرتووە.

رێز نەگرتنیش لە کتێب واتە رێز نەگرتن لە داهێنان‌و لە وانە گەورەکانی ژیان‌و مێژووی مرۆڤایەتی‌و، دواجاریش واتە رێز نەگرتن لە ئینسان.

بەڵام ئەی چی بکرێ بۆ ئەوەی خوێندنەوە ببێتە کلتورێك لە کۆمەڵگای کوردیدا ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ لەسەر گەلێ هۆکار رابوەستین، بەڵام لە سەروو هەموویانەوە ئەوە ئەرکی دەوڵەت‌و ئەرکی حکومەتە کە پلانی وردو فراوانی لەم رووەوە هەبێت.

بۆ نموونە دروستکردنی کتێبخانەی هەمەڕەنگو دەوڵەمەند لە قوتابخانە سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەییەکان‌و پاشانیش لە زانکۆکاندا.

هەروەها هاوکاریکردنی پرۆژەی درێژخایەنی کتێب بە پلانی چەند ساڵەیی‌و هەڵبژاردنی شاکارەکانی کەلەپووری مرۆڤایەتی‌و وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی کوردی‌و هاندان‌و هاوکاریکردنی وەرگێڕەکانی کوردستان بۆ پرۆژەیەکی لەمجۆرە، تا ئەو کتێبانە بەنرخێکی کەم بکەونە بەردەستی زۆرترین ژمارەی خەڵك و خوێنەران.

دیسانەوە یەکێك لە مەسەلە گرنگەکانی تر خۆشەویستکردنی کتێب‌و سەرچاوە مەعریفی‌و زانستیەکانە لای قوتابیان‌و خوێندکاران، لەڕێی پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکانەوە.

بەمجۆرە دەکرێ کەمێك رێز بۆ کتێب‌و خوێندنەوە بگەڕێنینەوەو لەو رێیەشەوە رێز بۆ مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایەو بۆ رۆشنبیری بگەڕێنینەوە.

# شۆڕشی کتێبە ئەلیکترۆنییەکان

و. محەمەد مێرگەیی

بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ئارەزووی بەدەستهێنانی نیوەرۆك‌و زانیاریی بێ بەرامبەری ماددی دەکەن، بۆیە وا خەریکە خوێنەران واز لە کتێبی چاپکراو دەهێنن لەپێناو کتێبی ئەلیکترۆنییدا کە نرخەکەی هەرزانە. توێژینەوەیەك کەوا سەنتەری (بوکر) بۆ خزمەتگوزارییەکانی بڵاوکردنەوەو دامەزراوەی سنووردار بۆ بازاڕسازیی کتێب ئامادەیان کردوە، وەها دەردەخات کە بەرهەم‌و ناوەرۆکی بەخۆڕایی، خوێنەرانی ئەمریکیی‌و بەریتانیی هاندەدات بۆ کڕینی کتێبە ئەلیکترۆنییەکان.

لە توێژینەوەکەدا هاتووە: ١٥٪ی بەشداربووانی توێژینەوەکە دەڵێن: ئاسانی دابەزاندن‌و (داونلۆدکردن) لە وێبسایتەکانی فرۆشتنی تایبەتمەند، پاڵنەری سەرەکییە بۆ کڕینی کتێبی ئەلیکترۆنی، بەڵام ڕێژەی ٢٣٪ی بەشداربووان پێیانوایە کە پاڵنەرەکەیان بۆ کڕین، هەرزانی نرخی کتێبەکانە بەبەراورد لەگەڵ کتێبی کاغەزیی چاپکراو، هەمان ئەم ڕێژەیەش پەنا بۆ کتێبە ئەلیکترۆنییەکان دەبەن لەبەرئەوەی بەپێچەوانەی کتێبی کاغەزیی، کتێبی ئەلیکترۆنی هیچ ڕووبەرێك لەماڵەوەدا داگیرناکەن.

لەوانەشە هۆکارە زۆر بڵاوەکان لە بەکارهێنانی کتێبە ئەلیکترۆنییەکاندا بریتی بن لە: ئاسانی دابەزاندنیان لە ئینتەرنێت، جێنەهێشتنی هیچ زیانێك بۆ سەر ژینگەو دووچارنەبوون بە تەلەفبوون‌و لەناوچوون.



تاقیکردنەوە بەر لە کڕین

جێگری سەرۆکی سەنتەری (بوکر) کیلی غالاغر، گەشەی بازاڕی کتێبی ئەلیکترۆنی، بەوە لێکدەداتەوە کە بریتی بێت لە دابینکردنی بەرهەمی نیمچە خۆڕایی‌و بێ بەرامبەر، کە ئەمەش خانەکانی بڵاوکردنەوەو کتێبفرۆشەکانی هانداوە بەرەو بڵاوکردنەوەی زێتری بەرهەم‌و ناوەرۆکی بێ بەرامبەر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا، هەروەها دەڵێت: بەکاربەران دەیانەوێت ئەو شمکانە بکڕن کە دەتوانن بەر لە کڕینیاندا تاقییان بکەنەوە.

لەمانگی کانونی دووەمی ٢٠١١دا زیاتر لە ٣,٣٪ی هەوادارانی کتێب لە بەریتانیا هەوڵی کڕینی یەك کتێبی ئەلیکترۆنییان داوە، واتە بە ڕێژەی ١٪ بەرزبۆتەوە بە بەراورد لەگەڵ مانگی ئەیلولی ٢٠١٠دا، کەچی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاداو لەهەمان مانگدا، لە ١٣٪ی عاشقانی کتێب، یەك کتێبی ئەلیکترۆنییان کڕیوە. واتە بە ڕێژەی ٣,٩٪ بەرزبۆتەوە بە بەراورد لەگەڵ مانگی شوباتی ٢٠١٠دا، کە ئەمەش دەریدەخات بەریتانیا لەسەر هەمان ڕێڕەوی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوات لە فراوانکردنی ڕووبەری بڵاوبوونەوەی کتێبە ئەلیکترۆنییەکاندا.

نرخی کتێبی ئەلیکترۆنی تا ئێستاش زۆر کەمترە لە نرخی کتێبی چاپکراو، بەپێی (بوکر) بە تێکڕایی دەتوانرێت دوو کتێبی ئەلیکترۆنی بە نرخی یەك کتێبی کاغەزیی بکڕدرێت. ڕوومالێکی دامەزراوەی (بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆژی) پێشبینی دەکات فرۆشتنەکانی کتێبی ئەلیکترۆنی ڕێژەی ١٠٪ی داهاتی گەورە خانەکانی بڵاوکرنەوەی بەریتانیا لەم ساڵدا پێکبهێنێت‌و لە ساڵی داهاتوودا ئەم ڕێژەیە دوو ئەوەندە ببێتەوە. دامەزراوەی بازاڕسازیی کتێب دەڵێت: ژمارەی کتێبی کاغەزیی فرۆشراو لە بەریتانیا لە ٣٤٤ ملیۆن کتێب بە بەهای ٣,٧٦ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٨دا، دابەزیوە بۆ ٣٣٩ ملیۆن کتێب کە بەهاکەی ٣,٥ ملیار دۆلارە لە ٢٠١٠دا.

بەرزبوونەوەی فرۆشتنەکان لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەپێی کۆمەڵەی بڵاوکارانی ئەمریکی، بەهای فرۆشتنەکانی کتێبی ئەلیکترۆنی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠١١دا گەیشتۆتە نزیکەی ٧٠ ملیۆن دۆلار، بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ١١٥,٨٪ لەگەڵ هەمان مانگی ساڵی رابردوو، هەروەك بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی سایتی forrester.com.

فرۆشتنەکانی کتێبە ئەلیکترۆنییەکان لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گەیشتۆتە ٩٦٦ ملیۆن دۆلار لە ٢٠١٠دا. واش پێشبینی دەکرێت بگاتە ٣ ملیار دۆلار لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا. بەپێی خانەی بڵاوکردنەوەی (بلومزبیری) کە یەکێکە لە خانە مەزنەکانی ولاتی ئەمریکا، فرۆشتنەکانی کتێبی ئەلیکترۆنی ١٨ کەڕەت بەرزبۆتەوە لە ساڵی ٢٠١٠دا و ڕێژەی ١٠٪ی فرۆشتنەکانی پێکهێناوە لەگەڵ زیادبوونی ئەو سەردانکەرانەی کە کتێبە ئەلیکترۆنییەکان داونلۆد دەکەن. سەرۆکی جێبەجێکاری خانەی (نایل نیوتون) پێیوایە کە ساڵی ٢٠١١ ساڵی کتێبی ئەلیکترۆنی دەبێت.

هەڕەشە بۆ سەر کتێبە چاپکراوەکان

سەرەڕای ئەوەی کە فرۆشتنەکانی کتێبە ئەلیکترۆنییەکان بەهێواشی دەستی پێکرد، بەڵام بۆتە هەڕەشە بۆ سەر فرۆشتنەکانی کتێبە چاپکراوەکان، بەتایبەت دوای زێتربوونی جەماوەریەتی ئامێری خوێندنەوەی ئەلیکترۆنی (کیندڵ) کە کۆمپانیای بەناوبانگی (ئەمازۆن) لە (فرۆشتنی کتێبی ئەلیکترۆنی) بەرهەمیهێنا.

هەروەها دەرکردنی ئامێری (ئایپاد) لەلایەن کۆمپانیای (ئەپڵ)ەوە. بە دانپیانانی خۆی بە گەشەکردنی فرۆشتنەکان‌و کاریگەری بڵاوکردنەوەی دیجیتەڵی.

ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) دەستی کردوە بە ئامادەکردن‌و بڵاوکردنەوەی لیستی فرۆشتنی باشترین کتێبە ئەلیکترۆنییەکان، ئەمەش بەگوێرەی ئەوەی کە ڕۆژنامەکە باسی لێوەکردوە.

ئەم لیستانەش باشترین فرۆشتنەکانی کتێبی ڕۆمان‌و خەیاڵی‌و کتێبەکانی تری جگە لە خەیاڵی‌و زانستی دەگرێتەوە، کە تێیدا پشتی بەستووە بە زانیارییە هەفتانەییەکانی بڵاوکارەکان خۆیانەوەو تۆڕەکانی فرۆشتنی کتێب‌و فرۆشیارە سەربەخۆکان‌و دابەشکارانی کتێب لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە...

ئەمە سەرەڕای سەرچاوەگەلی تر.

ناونیشانی چەند سایتێکی دابەزاندنی کتێب:

سایتی: www.4kitab.com

سایتی: www.pertwk.com

سەرچاوە: www.alarabiya.net



# مەرگی کتێب لەنێو کتێبخانەو کارتۆنەکاندا

عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە

چەندین دۆست‌و برادەرم هەن کە تەئکیدیان کردۆتەوە هەزاران کتێبیان لەبەر بێ جێگەیی لە نێو کارتۆندا هەڵگرتووە، خەڵکیش دەناسم کتێبخانەی باوك‌و کەسی نزیکی بۆ بەجێ ماوەو نەك هەر کتێب ناخوێنێتەوە، بگرە دەربەستی کتێبخانەکەو کتێبەکانیش نایەت‌و نرخ‌و بەهایان نازانێت.

لێرەدا هیچ گومانێك لەوەدا نیە مەبەستم لە هەڵگرتنی کتێب لە کارتۆندا ئەوە نیە کە ئەو بەڕێزانە ڕێز لە کتێب ناگرن، بەڵکو دڵنیام لەوپەڕی خۆشەویستیدا کتێبەکانیان بەوجۆرە هەڵگرتووە، بەو ئومێدەی ڕۆژێك لە ڕۆژان دەروویەکیان لێ بکرێتەوەو لە ژوورێکی گەورەدا گەورەترین کتێبخانەی خۆیان لە ماڵەوە دابنێن‌و ڕۆژانە چاویان بە بینینی کتێبە لە دڵا شیرینەکانیان گەش بکەنەوە. وێڕای ئەوەی ئەو بەڕێزانە لە قووتی ڕۆژانەو لە خۆشگوزەرانیی خۆیان گرتۆتەوەو کتێبیان پێ کڕیوەو ڕەنگە بەزەحمەت بتوانن دەستیان لێی ببێتەوە. بەڵام هەموو ئەمانەو شتی تریش ڕەنگە ڕێگری ئەوەم نەبن کە بڵێم هەزاران کتێب لە نێو ئەو کارتۆنانەدا بە مەرگ گەیشتوون، لەکاتێکدا کتێبخانەی شارو شارۆچکەکان پێویستیی زۆریان هەیە بەوکتێبانە کە دەبنەسەرچاوە بۆ خوێندکاران. جا بۆ ئەوەی کتێبەکان بە مەرگ نەگەن بە باشم زانی کورتە بابەتێکی ڕۆماننووسی ناودار پاولۆ کۆیلۆ سەبارەت بە کتێب‌و خوێندنەوەی‌و بەخشینی کتێب بخەمە بەرچاوی هەموو ئەو برا ئازیزانەی بەهەر هۆیەکەوە بێت لە نێو کارتۆنی تاریکو ساردوسڕدا کتێبیان بە مەرگ گەیاندووە، لە کاتێکدا دەتوانن ئەو کتێبخانەیەی کە بەهەر هۆیەکەوە بێت لە ماڵەکانمیاندا بۆیان ناکرێتەوە، کتێبخانەیەکی گشتی بکەنە ئەو ماڵەیان‌و لەوێدا وەك پڕۆژەیەك بە ناوی خۆیانەوە چاوی هەزران خوێنەری پێ گەش بکەنەوە، بە تایبەتی کتێبخانە گشتیەکانی ناحیەو قەزاکان.

پاولۆ کۆیلۆ دەڵێت:

"هێشتا هەر کتێب دەکڕم، بەڵام کە خوێندمەوە دەیکەم بە دیاری بۆ کەسێك، یان دەیدەم بە کتێبخانەیەکی گشتی"....

کتێبێکی زۆرم هەیە، ساڵانێك بەر لە ئێستا چەندین خواست‌و ئارەزووم هەبوو، حەزم دەکرد باشترین جۆری کتێبی نایابم بە کەمترین نرخ دەست بکەوێت. ئەمە ئەوە ناگەێنێت کە ژیانی ڕەبەنیم بۆ خۆم هەڵبژاردبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کاتێك سوور بووین لەسەر ئەوەی خاوەنی زۆرترین شت بین، ئازادیەکی زیاترمان بۆ دەستەبەر بوو. هەندێ لە هاوەڵانم سکاڵایان لەوەیە کە بەو هۆیەی جلوبەرگی زۆریان هەیە ناچارن کاتێکی زۆر بۆ هەڵبژاردنی ئەو جلانە بەسەربەرن کە دەیانەوێ لەبەری بکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەنگی سەرەکیی زۆرینەی جلەکانی من ڕەش بوون، ئەو گرفتەم نەبوو و بە ئاسانی جلی خۆم دەپۆشی.

من لێرەدا نامەوێ لە بارەی جلەوە بنووسم، بەڵکو لەبارەی کتێبەوە. بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە سەر پرسە گەوهەریەکان، بڕیارم دا تەنها (٤٠٠) کتێب لە کتێبخانەکەمدا هەڵبگرم، هەندێکیان بە هۆکاری عاتیفی‌و هەندێکیشیان لەبەر ئەوەی بەردەوام دەیانخوێنمەوە. لەبەر چەند هۆکارێکیش ئەو بڕیارەم دا، یەکێکیان لەبەر خەم‌و ناسۆری کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کتێب بوو بە ماوەی چەندین ساڵ‌و دواتر بە ناچاری فرۆشتنیان بێ ئەوەی ڕێزێکیان بۆ دابنرێت. هۆکەی تریش ئەوەیە کە بۆچی دەبێ ئەوەندە کتێب لە ماڵدا هەڵبگرم؟ بۆ ئەوەی لای برادەرانم خۆم بە ڕۆشنبیر بخەمەڕوو؟ یان بۆ جوانکردنی ماڵ؟ بێگومان ئەو کتێبانەی دەستم کەوتوون لە کتێبخانەیەکی گشتیدا سوودیان زیاتر دەبێت وەك لەوەی لای من بن.

پێشتر لەوە ڕاهاتبووم کە بڵێم من پێویستم بەو کتێبانەم هەیە چونکە سوودیان لێ وەردەگرم، بەڵام کە ئێستا پێویستیم بە هەر زانیارییەك دەبێت، کۆمپیوتەرەکەم هەڵدەکەم‌و ئەنتەرنێت دەکەمەوە، پاسواردەکەم دەنووسم‌و چیم بوێت وەدەستی دێنم، ئەمە ئەنتەرنێتە کە بە گەورەترین کتێبخانەی جیهانی دادەنرێت. بێگومان کە هێشتا کتێب هەر دەکڕم، چونکە هیچ ئامێرێکی ئەلیکترۆنی جێی کتێب ناگرێتەوە، بەڵام هەر لەخوێندنەوەی کتێبەکە دەبمەوە، دەیدەم بە کەسێکی تر یان دەیکەم بە دیاری بۆ کتێبخانەیەکی گشتی. ئەم کارەم بۆ ڕزگارکردنی دارستانەکان نییە، یان بۆ ئەوە بێت کە پیاوێکی بەخشندەم، بەڵکو لەو بڕوایەدام کە هەموو کتێبێك ڕەوتی تایبەتی خۆی هەیەو نابێ بە هێشتنەوەی لە ڕەفەی کتێبخانەی ماڵەوەدا پرۆتستۆ بکرێت‌و ڕێ لەو ڕەوتەی بگیرێت.

من نووسەرم‌و بۆ ژیان پشت بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانم دەبەستم، بەڵام دواجار ڕەنگە ئەم کارەم لە دژی بەرژەوەندی خۆم بێت، چونکە چەندە ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانم زیاتر بن، هێندە پارەی زیاترم دەست دەکەوێت. بەڵام ئەمە بۆ خوێنەر کارێکی دادپەروەرانە نییە، بە تایبەتی لەو دەوڵەتانەدا کە زۆرینەی پرۆگرامە حکومییەکان لە هەڵبژاردن‌و دیاریکردنی کتێب‌و لە چێژ وەرگرتن لە خوێندنەوەی دەقی باشدا پشت بە پێوەری بنچینەیی نابەستن.

بۆیە، با کارێك بکەین کتێبەکانمان گەشتێك بکەن، دەستی خوێنەرانی تریان پێبگات، چاوی تر پێیان شاد بێت. لە کاتێکدا ئەم وتارە دەنووسم، شیعرێکی جۆرج لویس بۆرخسم دێتەوە یاد باس لەو کتێبانە دەکات کە لە ڕەفەی کتێبخانەکاندا زیندانی کراون‌و هەر یەك جار دەخوێنرێنەوە:

دێڕێك فیرێلین نووسیویەتی و ئیتر نایەتەوە بیرم

ئاوێنەیەك هەیە بۆ دواین جار بینیمی

دەرگایە بۆ دواین جار داخرا

لەنێو کتێبەکانی کتێبخانەکەشمدا

کتێبێك هەیە ڕەنگە جارێکی تر نەیکەمەوە

لە ڕاستییشدا، پێموا بووە کە ئیتر ئەو کتێبانە ناکەوەمەوە کە بەخشیومن، چونکە تا بێت کتێبی نوێی بایەخدار چاپ دەکرێت کە حەز لە خوێندنەوەیان دەکەم.

شتێکی جوانە خەڵکی کتێبخانەیان هەبێت، چونکە بۆ یەکەمینجار منداڵ چاویان بە کتێبخانەی ماڵەوە دەکەوێت‌و حەزی دەست لێدان‌و تەماشاکردن‌و دواتر خوێندنەوەیان لا دروست دەبێت. بەم کتێب بەخشینە ئیتر کتێب گەشتی بەردەوام دەکات وەك چۆن عەقڵی نووسەرەکانیان لە کاتی نووسیندا سەفەری خۆی دەکات.

# خزمه‌تگوزاری ڕاهێنانی سوودمه‌ندان له‌ كتێبخانه‌كان

شێرزاد سه‌عید محه‌مه‌د

**یه‌كێك له‌و خزمه‌تگوزارییانه‌ی كه‌ به‌داخه‌وه‌ تاوه‌كو ئێستا له‌ كتێبخانه‌كانی كوردستاندا به‌سه‌رجه‌م جۆرو شێوازه‌كانیانه‌وه‌ وونه‌ (خزمه‌تگوزاری ڕاهێنانی سوودمه‌ندان‌و خوێنه‌رانه‌)، كه‌ له‌ ڕستیدا ئه‌م خزمه‌تگوزارییانه‌ له‌ خزمه‌تگوزارییه‌ هه‌ره‌ سه‌ره‌كییه‌كانی كتێبخانه‌ داده‌نرێت.**

**سوودمه‌ندانی كتێبخانه‌ به‌بنه‌ماو ته‌وه‌ری سه‌ره‌كی خزمه‌تگوزاری زانیارییه‌كان داده‌نرێت. شتێكی ئاشكراشه‌ كه‌ زۆربه‌ی سوودمه‌ندان‌و خوێنه‌ران كه‌ سه‌ردانی كتێبخانه‌ ده‌كه‌ن شاره‌زاییان نییه‌ له‌سه‌ر چۆنییه‌تی ڕێكخستنی زانیارییه‌كان‌و چۆنیه‌تی دۆزینه‌وه‌یان‌و چۆنیه‌تی خواستن‌و به‌كارهێنانیان، ئه‌وه‌ی كه‌ كاره‌كه‌ش گرانتر ده‌كات، زۆری له‌ژماره‌و جۆرو شێوازی ئه‌و سه‌رچاوانه‌یه‌ كه‌ له‌ كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كاندا هه‌یه‌ له‌ڕۆژگاری ئه‌مڕۆماندا كه‌ چه‌نده‌ها بابه‌تی جۆراوجۆر له‌ خۆده‌گرێت كه‌ به‌زمانی جۆراو جۆر نووسراون، (لایه‌نی كه‌م ئێستا بابه‌ته‌ زانستییه‌كان له‌سه‌رتاسه‌ری جیهاندا به‌(٧٠) زمانی جۆراوجۆر بڵاوده‌كرێنه‌وه‌).**

**هه‌روه‌ها گۆڕینی شێوازی سه‌رچاوه‌كانی كتێبخانه‌ له‌ شێوازی چاپ بۆ شێوازی ئه‌له‌كترۆنی‌و به‌كارهێنانی هێڵه‌كانی ئه‌نته‌رنێت له‌ كتێبخانه‌كان‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان. نه‌شاره‌زایی زۆربه‌ی خوێنه‌ران له‌ چۆنیه‌تی گێڕانه‌وه‌ی زانیارییه‌كان‌و گه‌ڕاندنه‌وه‌ی زانیارییه‌كان له‌ ڕێگای كۆمپیوته‌ره‌وه‌. له‌به‌ر ئه‌و هه‌موو هۆكارانه‌ی كه‌له‌سه‌ره‌وه‌ ئاماژه‌مان پێدا زۆر گرنگه‌ كه‌ كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان له‌ كوردستاندا بیر له‌ دانانی پڕۆگرامی ڕاهێنانی سوودمه‌نده‌كان‌و خوێنه‌رانی كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان بكه‌نه‌وه‌.**

پڕۆگرامی ڕاهێنانی سوودمه‌ندان : بریتییه‌ له‌ پڕۆگرامێك كه‌ كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان ئاماده‌ی ده‌كه‌ن به‌ئامانجی گه‌شه‌سه‌ندنی توانا بنه‌ڕه‌تییه‌كانی سوودمه‌ندان بۆ به‌كارهێنان‌و به‌دیهێنانی سوودێكی باش له‌ كتێبخانه‌كان‌و سوودوه‌رگرتن له‌ سه‌رچاوه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی كتێبخانه‌و خزمه‌تگوزارییه‌كانی‌و به‌ئاسان گه‌یشتن به‌سه‌رچاوه‌كانی كتێبخانه‌.

ئاستی ئه‌و پڕۆگرامانه‌ جیاوازی ده‌بێت له‌ كتێبخانه‌یه‌كه‌وه‌ بۆ كتێبخانه‌یه‌كی تر به‌پێی جۆرو سروشتی كتێبخانه‌كه‌و ئه‌و سوودمه‌ندانه‌ كه‌ خزمه‌تیان ده‌كه‌ن‌و ئاستی خوێنده‌واری‌و ڕۆشنبیریان.

ئه‌و پڕۆگرامی ڕاهێنانی سوودمه‌ندانه‌ پله‌ به‌پله‌ ده‌بێت، له‌ پێدانی زانیاری سه‌ره‌تای له‌سه‌ر مێژووی كتێبخانه‌كه‌و به‌شه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی‌و كاتی كاركردن‌و چۆنییه‌تی ڕێكخستنی سه‌رچاوه‌كان‌و چۆنیه‌تی به‌شداریكردن له‌ خزمه‌تگوزارییه‌كانی كتێبخانه‌(ئاستی یه‌كه‌م). چۆنییه‌تی به‌كارهێنانی پێڕسته‌كان دۆزینه‌وه‌ی سه‌رچاوه‌كان (ئاستی دووه‌م). ڕاهێنانی سوودمه‌نده‌كان له‌سه‌ر چۆنییه‌تی به‌كارهێنانی كورتكراوه‌كان‌و ڕێبه‌ره‌كان‌و بیبلیۆگرافیاو بنكه‌ زانیارییه‌كان به‌تایبه‌تی ئه‌نته‌رنێت(ئاستی سێیه‌م).

**پڕۆگرامی ڕاهێنانی نموونه‌یی، پێویسته‌ ئه‌م پێكهاتانه‌ی خواره‌وه‌ له‌ خۆبگرێت :**

ئامانجی پڕۆگرامه‌كه‌، ئه‌و هاووڵاتیانه‌ی كه‌ سوودمه‌ند ده‌بن له‌پڕۆگرامه‌كه‌، ئاستی خوێندن‌و ڕۆشنبیریان، ناوه‌ڕۆكی پڕۆگرامه‌كه‌، ده‌سته‌ی كارگێڕی‌و سه‌رپه‌رشتیاری پڕۆگرامه‌كه‌، ماوه‌ی جێبه‌جێكردنی پڕۆگرامه‌كه‌، شوێنی فێركردنی پڕۆگرامه‌كه‌، ڕێگاكان‌و هۆكاره‌كانی به‌كارهێنان له‌ پڕۆگرامه‌كه‌دا، (ئایاگه‌شتی به‌كۆمه‌ڵ سازده‌كرێت بۆ سوودمه‌ندان، یاخود تاك تاك سوودمه‌نده‌كان سوود له‌پڕۆگرامه‌كه‌ وه‌رده‌گرن یاخود له‌ ڕێگای وانه‌وتنه‌وه‌ گفتوگۆو پرسیاره‌وه‌، ئایا هۆكاره‌كانی بیستن‌و بینین‌و هۆكاری ئه‌له‌كترۆنی به‌ كارده‌هێنرێت له‌ گه‌یاندنی زانیارییه‌كان)، ڕێگاكانی هه‌ڵسه‌نگاندنی پڕۆگرامه‌كه‌.

كاری هه‌ڵسه‌نگاندنی پڕۆگرامه‌كانی فێركردنی سوودمه‌نده‌كان كارێكی زۆر گرنگه‌، كه‌ له‌ڕێگایه‌وه‌ ده‌توانین لایه‌نی باش‌و خراپی پڕۆگرامه‌كه‌و ئاستی سوود گه‌یاندن به‌ سوودمه‌ندان بزانرێت هه‌روه‌ها ئه‌و كێشه‌و گیروگرفتانه‌ی كه‌ دێنه‌ به‌رده‌م پڕۆگرامه‌كه‌ له‌ كاتی جێبه‌جێكردنیدا، ئه‌ویش له‌ ڕێگای وه‌رگرتنی بیروڕای سوودمه‌نده‌كان به‌هۆی چاوپێكه‌وتنیان یاخود له‌ڕێگای دابه‌شكردنی فۆڕمی ڕاپرسییه‌وه‌.

بۆ نموونه‌ خوێندكارانی زانكۆ كاتێك بۆ یه‌كه‌مین جار په‌یوه‌ندی به‌ زانكۆكانیانه‌وه‌ ده‌كه‌ن‌و سه‌ره‌تایه‌ك یاخود هیچ له‌باره‌ی به‌كارهێنانی كتێبخانه‌و سیسته‌مه‌كانیان نازانن، چونكه‌ ئه‌وان له‌ پڕۆگرامه‌كانی خوێندنی سه‌ره‌تای‌و ناوه‌ندی‌و دواناوه‌ندی به‌هیچ شێوه‌یه‌ك فێری پڕۆگرامه‌كانی به‌كارهێنانی كتێبخانه‌كان نه‌كراون، ئه‌گه‌ر زانیارییه‌كیش بزانن ئه‌وه‌ سه‌ره‌تایه‌و له‌گه‌ڵ پڕۆگرامی خوێندنی نوێدا ناگونجێت كه‌ ده‌بێت به‌به‌رده‌وامی خوێندكاران سه‌ردانی كتێبخانه‌كان بكه‌ن‌و سوود له‌ سه‌رچاوه‌كانی وه‌ربگرن. خوێندكاران ئالێره‌دا تووشی شه‌رم‌و ترس ده‌بن له‌كاتی سه‌ردانی كتێبخانه‌كان‌و ئاڕاسته‌كردنی پرسیاره‌كانیان له‌ كارمه‌ندانی كتێبخانه‌كانی زانكۆ. ئالێره‌دا گرنگی پڕۆگرامه‌كانی فێركردن‌و ڕاهێنانی سوودمه‌نده‌كانی كتێبخانه‌ ده‌رده‌كه‌ون.

كاره‌كانی ڕێنمایكردن‌و ڕاهێنانی سوودمه‌ندان به‌ سێ قۆناغدا تێده‌په‌ڕێت، به‌مشێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌:

١- قۆناغی یه‌كه‌م : پێدانی زانیاری به‌سوودمه‌ندان، پێشه‌كییه‌ك له‌سه‌ر كتێبخانه‌كه‌، سیستمی كاركردن‌و كاته‌كانی كاركردن‌و چۆنیه‌تی خواستنی سه‌رچاوه‌كانی كتێبخانه‌.

٢- قۆناغی دووه‌م : پێدانی زانیاری له‌سه‌ر جۆری ئه‌و سه‌رچاوه‌و بابه‌تانه‌ی كه‌ له‌ناو كتێبخانه‌كه‌دا بوونیان هه‌یه‌و چۆنیه‌تی سوودوه‌رگرتن له‌و خزمه‌تگوزارییانه‌ی كه‌ له‌ كتێبخانه‌كه‌دا پێشكه‌ش ده‌كرێت.

٣- قۆناغی سێیه‌م : ئه‌م قۆناغه‌ زیاتر تایبه‌ته‌ به‌ مامۆستایانی زانكۆو توێژه‌ره‌وه‌كان له‌ خوێندكارانی خوێندنی باڵا، كه‌له‌م قۆناغه‌دا زانیاری ووردو پێویست ده‌درێت له‌سه‌ر سه‌رچاوه‌كان به‌تایبه‌تی گۆڤارو ڕۆژنامه‌كان. هه‌روه‌ها پێدانی زانیاری له‌سه‌ر خزمه‌تگوزاری كۆمپیوته‌رو ئه‌نته‌رنێت‌و پێڕست‌و پۆلێن‌و ڕێبه‌رو كورتكراوه‌كان.

مه‌به‌ستمان له‌ ڕاهێنانی سوودمه‌ندان لێره‌دا هه‌موو ئه‌و زانیارییانه‌یه‌ كه‌ كارمه‌ندانی كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان پێشكه‌شی سوودمه‌ندان ده‌كه‌ن به‌مه‌به‌ستی سوودوه‌رگرتن له‌ خزمه‌تگوزاری كتێبخانه‌كان به‌ شێوه‌یه‌كی ڕاست‌و دروست.



كتێبخانه‌ ڕێگایه‌كی تایبه‌تی هه‌یه‌ بۆ چۆنیه‌تی ڕێكخستنی سه‌رچاوه‌كانی‌و چۆنیه‌تی به‌ده‌ستهێنانه‌وه‌ی زانیارییه‌كان. پێویستیش به‌ زانیارییه‌كان كۆتایی نایه‌ت. هه‌موو كات سوودمه‌ندان فه‌رمانبه‌رێك نادۆزنه‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی پرسیاری لێبكه‌ن‌و ڕێنماییان بكات بۆ دۆزینه‌وه‌ی زانیارییه‌كان، زۆر له‌ خوێنه‌ران شه‌رم ده‌كه‌ن له‌ پرسیاركردن له‌ كارمه‌نده‌كانی كتێبخانه‌ بۆ چۆنیه‌تی دۆزینه‌وه‌ی زانیارییه‌كان، ئالێره‌وه‌ سوودی سه‌ره‌كی به‌رنامه‌كانی ڕاهێنان ده‌رده‌كه‌وێت له‌ چۆنیه‌تی ڕاهێنای سوودمه‌ندان له‌سه‌ر به‌كارهێنانی كتێبخانه‌كان.

**پڕۆگرامی ڕاهێنانی سوودمه‌ندان دوو ئامانجی سه‌ره‌كی ده‌پێكێت كه‌ ئه‌مانه‌ن:**

١- به‌رزكردنه‌وه‌ی ئاستی سوودمه‌ندان بۆ چۆنیه‌تی سوودوه‌رگرتن له‌سه‌رچاوه‌كانی كتێبخانه‌.

٢- ڕاهێنانی سوودمه‌ندان(خوێنه‌ران‌و توێژه‌ران) له‌سه‌ر په‌یوه‌ندیكردن به‌ ڕێنمایكه‌ری خوێنه‌ران له‌ ناو كتێبخانه‌، هه‌ركاتێك هه‌ست بكه‌ن كه‌ تووشی كێشه‌یه‌ك بوون‌و پێویستیان به‌ ڕێنمایكردن هه‌یه‌.

**پڕۆگرامه‌كانی ڕاهێنانی سوودمه‌ندان سوودی زۆری هه‌یه‌ بۆ ئه‌م ده‌سته‌و ڕێكخراوو كتێبخانانه‌ی خواره‌وه‌ :**

١- كتێبخانه‌ی نیشتمانی.

٢- كتێبخانه‌ی زانكۆو كۆلیجه‌كان.

٣- په‌یمانگاو به‌شه‌كانی زانستی زانیارییه‌كان‌و كتێبخانه‌.

٤- ریكخراوه‌ زانستی‌و پیشه‌ییه‌كان.

٥- ده‌زگاكانی توێژینه‌وه‌.

٦- كتێبخانه‌ی خوێندنگاكان.

**ئه‌و هۆكارانه‌ی كه‌ ده‌بنه‌ هۆی دانانی پڕۆگرامی ڕاهێنانی سوودمه‌ندانی كتێبخانه‌:**

زۆر هۆكار هه‌یه‌ كه‌ ده‌بنه‌ هۆی ئه‌وه‌ی كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان بیر له‌ڕێكخستنی پڕۆگرامی ڕاهێنانی سوودمه‌ندان بكه‌نه‌وه‌ كه‌ گرنگترینیان ئه‌مانه‌ن :

١- ته‌قینه‌وه‌ی زانیارییه‌كان‌و زۆری له‌به‌رهه‌مهێنانی فیكری‌و توێژینه‌وه‌كان له‌ هه‌موو بواره‌كانی زانستی مرۆڤایه‌تی، كه‌ ده‌بێته‌ هۆی گرانی له‌گه‌ڕان به‌دوای سه‌رچاوه‌كانداو به‌ده‌ستهێنانه‌وه‌ی زانیارییه‌كان به‌تایبه‌تی له‌كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌ فراوانه‌كان.

٢- فه‌لسه‌فه‌ی نوێی كتێبخانه‌و زانیارییه‌كان، كه‌ داوا له‌ تایبه‌تمه‌نده‌كانی بواری كتێبخانه‌و زانیارییه‌كان ده‌كات، ده‌سته‌وه‌ستان نه‌وه‌ستن‌و چاوه‌ڕوانی خوێنه‌ران نه‌كه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی پرسیاریان لێ بكه‌ن سه‌باره‌ت به‌و زانیارییانه‌ی كه‌ نایزانن، به‌ڵكو پێویسته‌ كارمه‌ندانی كتێبخانه‌كان به‌پیر سوودمه‌ندانه‌وه‌ بچن‌و ڕێنماییان بكه‌ن بۆ ئه‌و زانیارییانه‌ی كه‌ پێویستیانه‌ له‌سه‌ر كتێبخانه‌و چۆنیه‌تی سوودوه‌رگرتن له‌ خزمه‌تگوزارییه‌كانی كتێبخانه‌و به‌ده‌ستهێنانه‌وه‌ی زانیارییه‌كان.

٣- زۆربه‌ی سوودمه‌ندان نه‌شاره‌زان به‌رامبه‌ر:

* ئه‌وسه‌رچاوانه‌ی كه‌ له‌ كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كاندا بوونیان هه‌یه‌و چۆنیه‌تی به‌كارهێنانیان.

* ئه‌و سه‌رچاوانه‌ی كه‌ بڵاوكراونه‌ته‌وه‌و بڵاوده‌كرێنه‌وه‌ له‌ بواری تایبه‌تمه‌ندی دیاریكراودا.

* چۆنیه‌تی به‌كارهێنانی كتێبخانه‌و سوودوه‌رگرتن لێی.

* ئاماده‌كردنی توێژینه‌وه‌ی زانستی.

٤- ئه‌و پێشكه‌وتنانه‌ی كه‌ رووی له‌ كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان كردووه‌ له‌م ماوه‌ی ڕابردوودا وه‌ك: به‌كارهێنانی كۆمپیوته‌ر له‌ كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كاندا، به‌كارهێنانی سه‌رچاوه‌ی ئه‌له‌كترۆنی له‌بری سه‌رچاوه‌ی چاپ، به‌كارهێنانی ئه‌نته‌رنێت. هه‌موو ئه‌و هۆكارانه‌ی كه‌ ئاماژه‌مان پێدان بووه‌ هۆی ئه‌وه‌ی كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان بیر له‌ دانانی پڕۆگرامی ڕاهێنانی سوودمه‌ندان بكاته‌وه‌.

**ئامانج له‌ ڕاهێنانی سوودمه‌ندان:**

مه‌به‌ست له‌ڕاهێنانی سوودمه‌ندانی كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان بۆ به‌ده‌ستهێنانی ئه‌م ئامانجانه‌ی خواره‌وه‌ن:

١- ئاماده‌كردنی سوودمه‌ندان بۆ ئه‌وه‌ی شاره‌زاییان هه‌بێت به‌رامبه‌ر چۆنیه‌تی به‌كارهێنانی سیسته‌مه‌كانی پێڕست‌و چۆنیه‌تی به‌كارهێنانی سه‌رچاوه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی كتێبخانه‌ وه‌ك(فه‌رهه‌نگ، ئینسایكلۆپیدیا، بیبلیۆگرافیا، ڕێبه‌ر، كورتكراوه‌كان....هتد).

٢- ئاشنابوون به‌هۆكاره‌ نموونه‌ییه‌ نوێیه‌كان بۆ دۆزینه‌وه‌ی زانیارییه‌كان.

٣- ئاشنابوون به‌شێوازی نوێ‌و نموونه‌یی له‌ چۆنیه‌تی ده‌ربڕینی پرسیاره‌كان بۆ گه‌یشتن به‌ زانیاری ڕاست‌و دروست.

٤- دروستكردنی هه‌ستێكی باش له‌لای سوودمه‌ندان سه‌باره‌ت به‌ وه‌رگرتنی زانیارییه‌كان له‌ كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان.

٥- فێركردنی خوێنه‌ران له‌سه‌ر چۆنیه‌تی گه‌ڕان‌و به‌ده‌ستهێنانه‌وه‌ی زانیارییه‌كان.

**ڕێگاكانی ڕاهێنانی سوودمه‌ندان:**

ڕێگاكان‌و هۆكاره‌كانی ڕاهێنانی سوودمه‌ندانی كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان زۆرن له‌وانه‌ :

١- ئه‌نجامدانی گه‌شتی به‌كۆمه‌ڵ‌و تاك تاكی سوودمه‌ندانی بۆ ناوبه‌شه‌ جیاجیاكانی كتێبخانه‌و بنكه‌ زانیارییه‌كان، كه‌ له‌لایه‌ن شاره‌زاییه‌كی زانستی زانیارییه‌كان كتێبخانه‌ سه‌رپه‌رشتی ده‌كرێن بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی پرسیاری سوودمه‌ندان‌و پێدانی زانیاری جۆراو جۆر له‌سه‌ر كاره‌كانی هه‌ربه‌شێك له‌به‌شه‌كانی كتێبخانه‌.

٢- پێدانی زانیاری به‌سوودمه‌ندان له‌ڕێگای ووتنه‌وه‌ی وانه‌، ئه‌مه‌ش زیاتر به‌شی سه‌رچاوه‌كان پێی هه‌ڵده‌ستن‌و زانیاری ده‌ده‌ن به‌ سوودمه‌ندان به‌تایبه‌تی ئه‌و سوودمه‌ندانه‌ی كه‌ نوێن‌و بۆ یه‌كه‌مین جار په‌یوه‌ندیان كردووه‌ به‌ كتێبخانه‌وه‌.

٣- به‌كارهێنانی هۆكاره‌كانی بیستن‌و بینین له‌ پێدانی زانیاری له‌سه‌ر به‌شه‌كانی كتێبخانه‌ به‌ سوودمه‌ندان، ئه‌ویش له‌ڕێگای پێشكه‌شكردنی فیلمی به‌ڵگه‌نامه‌یی له‌سه‌ر مێژووی كتێبخانه‌كه‌و كاره‌كانی‌و به‌شه‌ گرنگه‌كانی كتێبخانه‌ كه‌ ئه‌مه‌ش هۆكارێكی نوێیه‌و زیاتر زانیارییه‌كان له‌م ڕێگایانه‌وه‌ له‌هزری سوودمه‌ندان‌دا ده‌مێننه‌وه‌.

٤- دابه‌شكردنی ناميلكه‌و ڕێبه‌ر به‌سه‌رسوودمه‌نداندا، كه‌ تێیدا زانیاری‌و ڕێنمای پێویستی تێدایه‌ له‌سه‌ر به‌شه‌كانی كتێبخانه‌و چۆنیه‌تی ڕێكخستنی سه‌رچاوه‌كان‌و سوود وه‌رگرتن له‌سه‌رچاوه‌كانی كتێبخانه‌. ده‌كرێت ئه‌و ناميلكه‌و ڕێبه‌رانه‌ ئه‌م زانیارییانه‌ی تێدابێت:

- كاته‌كانی كاركردنی كتێبخانه‌.
- نه‌خشه‌یه‌ك كه‌ شوێنی به‌شه‌كانی كتێبخانه‌ بخاته‌ڕوو.
- چۆنیه‌تی ڕێكخستن‌و دابه‌شكردنی سه‌رچاوه‌كانی كتێبخانه‌ به‌سه‌ر به‌شه‌كاندا به‌پێی تایبه‌تمه‌ندی هه‌ربه‌شێك.
- كورته‌یه‌ك له‌سه‌ر جۆرو شێوازه‌كانی پێڕستی كتێبخانه‌كه‌و چۆنیه‌تی به‌كارهێنان‌و سوودلێوه‌رگرتنیان.
- یاساكانی خواستن‌و چۆنیه‌تی خواستنی سه‌رچاوه‌كانی كتێبخانه‌.
- جۆری ئه‌و خزمه‌تگوزارییانه‌ی كه‌ له‌ كتێبخانه‌كه‌دا پێشكه‌ش ده‌كرێت.

### سه‌رچاوه‌كان:

١- احمد انور عمر. المعنى الاجتماعي للمكتبة : دراسة لاسس الخدمات المكتبة العامة و المدرسية.- القاهرة: مكتبة النهضة المصرية، ١٩٧٤. ط٤ .

٢- احمد بدر. المكتبات الجامعية: تنظيمها و ادارتها وخدماتها و دورها في التعليم الجامعي.- ٢٠٠١ .- ط٤ .

٣- اسماء زكي المحاسني. الخدمات المكتبية للمستفدين...- مجلة العربية للمعلومات، مج٩، ع٢، ١٩٨٨ .

# ڕۆڵی زانیارییەکان لە بەڕێوەبردنی توێژینەوە زانستییەکاندا

ئا. دلێر میرزا



ئەمڕۆ جیهان لە سەردەمێکدا دەژی، پێشتر مێژووی پەرەسەندن و پێشکەوتن بەخۆیەوە نەیبینیوە. گۆڕانکارییەکان و وەرچەرخانەکان بە دوی یەکدادێن و لە گەلێ شوێن لە جیهاندا هێزەکانی گۆڕین روو لە هەڵکشانن و لەگەڵ دەرکەوتنی جیهانێک لە دەستەگەرییە ئابوورییەکان هەر لە بازاڕی ئەورووپییەوە تا کۆمەڵەی حەوت پلنگەکە و تا ڕێکخراوی جیهانیی بازرگانی، سیستمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان گۆڕان بەخۆوە دەبینن. هەموویان لە پێشبڕکێیەکی بێ وچاندان و هەر یەکەیان هەوڵ دەدات، لە سیستمی نوێی جیهاندا پێگەیەك و شوێن پێیەك بۆ خۆی بکاتەوە. لەگەڵ گواستنەوەی کۆمەڵگەکان لە تەکنۆلۆژیی سنووورداری سادەوە بۆ تەکنۆلۆژیی باڵای جیهانی و گواستنەوە لە سیستمی مەرکەزی و داخراوەوە بۆ نامەرکەزی و کراوە و گواستنەوە لە بیرکردنەوە لە ئەڵتەرناتیڤە ناکۆکەکان و ململانێکەرەکان بە ئەڵتەرناتیڤە پوختەکان و تێهەڵکێشەکان، هەموو ئەو وەرچەرخانانە بوونە هۆی ئەوەی کۆمەڵەی تۆڕەکانی زانیاری و سیستمەکانی زانیاری سەرهەڵبدات و کاریگەرییان لەسەر پشتگیریکردن و وەرگرتنی بڕیارگەلی ڕاست و دروست هەبێت.

**بەرهەمهێنانی زانیارییەکان:**

دەبێ دامەزراوەکانی تایبەت بە توێژینەوە ئاکامەکانی ئەو توێژینەوانە تۆمار بکەن کە لەو تاقیکردنەوانە دروست دەبن، بۆ ئەوەی ئەم لایەنانەی خوارەوە سوودیان لێوەربگرن:

١-توێژی توێژەران و پسپۆڕان: بەوەی ئاکامی توێژینەوەکان هەڵدەسەنگێنن و دواتر پشتیان پێدەبەستن. تاوتوێکردنی چەند خاڵێکی دیکە و بەوەیش گەنجینەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام دەبووژێننەوە.

٢- بڕیاردەران: دیارە ئاکامەکان بەلای بڕیاردەرانەوە ڕەچاو دەکرێن، بۆئەوەی کاتێ ئاماژەی ئاکامەکان پۆزەتیڤ بوون، بودجەی زیاتر بۆ توێژینەوەکان تەرخان بکەن و دەبێ لەو تاقیکردنەوانەی ئاکامی نێگەتیڤ بەدەستەوە دەدەن دووربکەونەوە.

٣-پیشەییەکان: ئەمانە ئەو پسپۆڕانەن لەو بوارەدا کاردەکەن و پرسیاری دیاریکراو ئاراستە دەکەن و دەکرێ لە کۆتاییدا پشتیان پێ ببەسترێت.

٤-جەماوەر: ئەمەیش توێژێکی بەرفراوانە، هەموو تاکەکان دەگرێتەوە لە گشت بوارەکانی ژیاندا بەئەندامانی سێ توێژەکەی سەرەوە، کاتێ دەستیان بەتاڵ دەبێت لە پێبەستبوونی وەزیفی و پیشەیی خۆیان، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی کاروبارو بژێویی ژیانی ئاسایی ببنەوە.

**زانیارییەکان و بیریاران:**

مادامێك توێژینەوەکان بریتین لە هەوڵێك بۆ خستنەسەری ئەوەی لە گەنجینەکانی زانیارییەوە هەڵدەگۆزرێن، ئیتر دەبوا توێژەران بزانن چی لە گەنجینەکانی ئەم زانیارییەدا هەیە. چونکە زانیاریی تۆمکارکراو بە گشت وێنەکانیەوە (بینراو و بیستراو) یارمەتی هەڵبژاردنی ئەو بابەتانە دەدات سوودمەندترو نوێترن لە پرۆژەکانی توێژینەوەکانداو چەندین پێوەری بەراوردکاری بۆ بڕیاردان لەسەر باشی و ناوەرۆکی کارەکە بەدەستەوە دەدات و بەمەبەستی هەڵبژاردنی ڕێبازەکان و تەکنیکەکان لە گشت بوارە پسپۆڕییەکاندا هەمەچەشنییەکی لێدەکەوێتەوە. بەڵام لاوازترینی ئەم دەسەرانە(ئیمتیازانە) بریتییە لەوەی ئەم کارانە تا ئاستی دووهێندکردنی ئەوەی لە شوێنێکی دیکەدا ئەنجام دەدرێت چالاکتر نەکرێن.

**یەکەم: زانیارییە وەگەڕخراوەکان:**

ئەم زانیارییانە دەچێتە ناو گشت جۆرەکانی کەناڵی زانیاریی کتێبخانەوە. کتێبخانە دڵی زیندووی هەر دامەزراوەیەکی توێژینەوەیە، هەرکاتێ ئەو دڵە بەهێزبێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی ئاشکرای لەسەر ئاکامی توێژینەوەکان و دەرهاویشتەکانیان دەبێت، کتێبخانەی زانستی بەکتێبخانەی پسپۆڕی دادەنرێت و تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە لە دەربڕینەکانی و شێوازو میتۆدی چارەسەرکردنی ڕاگەیاندنەکانی و شێوازەکانی خزمەتگوزاری، دواتر ئەو تەکنیکانەی لەم بوارانەدا بەکاردەبرێن.

**تایبەتمەندییەکانی:**

ئەوە بەشێکی دانەبڕاوە لە تۆڕی زانیارییە پسپۆڕییەکان لەهەر یەکێك لە بوارە زانستییەکانی وەکو کتێبخانە کشتوکاڵییەکان و کتێبخانە پیشەسازییەکان.

ئەمە بەشێکی تەواوکەرە بۆ تۆڕی نەتەوەیی سیستمی پسپۆڕیی زانیاری و ئەوە بەش بە حاڵی خۆی بەشێکی بنەڕەتییە لە سیستمی زانیارییە نیشتمانییەکان لە ئایندەداو ئەم سیستمە چاوەڕوانکراوە لە سیستمی هەرێمایەتیی زانیارییەکاندا خاڵێکی بنچینەیی پێکدەهێنێت. ئەمەیش لە سیستمی جیهانیی زانیارییەکاندا بەخاڵێکی بنەڕەتی هەژمار دەکرێت و بەهۆی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستییەوە زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکات. خزمەتگوزراییە زانیارییەکان ئاوێنەی سەنتەرەکانی توێژینەوەو کتێبخانەکانن، هەر ئەوانەیشە گوزارش لە توانستی کتێبخانە یان سەنتەر دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی زانیارییە شیاوەکان لە کاتی گونجاودا، واتە بەڵگەی سەرکەوتن یان شکستی کتێبخانە یان سەنتەرن. دیارە خزمەتگوزاریی زانیارییەکان پشت بە بوون و ڕەخسانی هەندێ توخمی وەکو توانست و لێهاتوویی و ئەزموونی کاربەدەستانی دەبەستێت، کۆمەڵی سەرچاوەی زانیاری فەراهەم دەکات. خزمەتگوزارییە نێگەتیڤە زانیارییەکان بریتین لەو خزمەتگوزارییانەی پێداویستییەکانی سوودبەر دابین دەکەن لە زانیاری و بەڵگەنامە لەو کاتانەدا کە داوایان دەکەن، بەڵام زانیارییە پۆزەتیڤەکان بریتین لەو خزمەتگوزارییانەی بەشێوەیەکی بەردەوام هەنە بۆ سوودبەران، بەقسەکردن لەسەر بەڵگەنامە هاتووەکان بۆ بەشی زانیارییەکان. واتە چاوەڕوانی هاتنی سوودبەران ناکەن، بەڵکە دەسپێشخەری دەکەن بەوەی خۆیان بەپیرییانەوە دەڕۆن.

**خزمەتگوزارییەکانی زانیاری دەکرێت بەدوو بەشەوە:**

١-خزمەتگوزارییە کۆنباوەکان: وەکو زانیاریی ناوەکی و خزمەتگوزاریی سەرچاوەکان و پێدانی کتێب و کۆپیکردن و وەرگێڕان.

٢-خزمەتگوزارییە نوێکان: وەکو توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی هەڵبژاردنی زانیارییەکان و توێژینەوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بنەمای جیهانیی ڕاگەیاندنەکانەوە.

**دووەم: زانیارییە دەرچووەکان:**

ئەمەیش دوو جۆرە دوای تەواوکردنی توێژینەوەکان، یەکێکیان بەرچاوەکی و ئەوی دی مانایییە کە خۆی لە زانیاریی نوێدا دەبینێتەوەو ئامۆژگارییەکان و ڕاهێنان و چاپەمەنییەکانی لێدەکەوێتەوە. بۆ دەرکردنی ئەم چاپەمەنییانە، دەبێ بەرنامەیەکی ڕاگەیاندنی چالاك پیادە بکرێت و لە سیستمی نیشتمانیی توێژنەوەکاندا پشت بەچەندین سەرچاوە ببەسترێت.

**جۆری چاپەمەنییەکان:**

ڕاپۆرتی ساڵانە:

ستراتیژییەکانی دامەزراوەو تاقیکردنەوە بەرپاکان و توێژینەوە بەکۆتایی گەیشتووەکان و چالاکییەکانی دامەزراوەکانی دیکە دەگرێتەوە.

– بابەتە زانستییەکان:

لە شێوەی مەقالەی زانستیدا، لە گۆڤارە زانستییەکاندا بڵاودەکرێنەوە.

– ڕاپۆرتی کۆنگرەکان:

بە دەرفەتێك دادەنرێن بۆ بەیەکگەیشتنی توێژەران لە هەمان بواردا بە مەبەستی ئەوەی ئەزموونەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن و گفتوگۆ لەسەر دوا گۆڕانکارییەکان ئەنجام بدرێت.

– ڕاپۆرتی کارگێڕی و هونەری.

– بڵاوکراوەی فێرکاری بە مەبەستی ڕێنماییکردن.

# کتێبخانەو زانیارییەکان لەجیهانێکی نوێدا




**کتێبی: کتێبخانەو زانیارییەکان لە جیهانێکی نوێدا**

**نووسینی: د. محمد فتحی عبدالهادی**

**بڵاوکەرەوە: الدار المصرية اللبنانية ٢٠٠٧**

**٢٤٦ لاپەڕە**




ڕانانی: ڕاستی

ئەم کتێبە، کە لەلایەن مامۆستایەکی بەشی کتێبخانەو زانیارییەکانی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی قاهیرەو نووسراوە.

نووسەر لەپێشەکیدا دەڵێت "جیهانی نوێ جیهانی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان و ئینتەرنێتە، جیهانی جیهانگیری و کۆمەڵگای زانیارییە گەردوونییەکانە، ئەم جیهانە لە کاروانی خۆیدا لە ئێستا پشتدەبەستێ بە زانیارییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە، زانیاریی بە هەموو پیشەسازی و بازرگانی و دامەزراوە پەیوەستەکان پێیەوە".

توێژینەوەکانی نێو ئەم کتێبە بەسەر سێ تەوەردا دابەشبوون، یەکەمیان لە چوار بەش پێکهاتووە کە کتێبخانەکان وەك سەرچاوەی زانیارییەکان دیاری دەکەن و کاری ئەوان لەژینگەیەکی نوێدا هەڵدەسەنگێنرێت کە لەگەڵ سەرەتای هەزارەی سێیەمی زاینیدا کەوتووەتە ڕێ، بەڵام تەوەری دووەم باسی ڕەگەزێکی گرنگ لە زانیارییەکان دەکات کە ئەویش ڕێکخستنی زانیارییەکانە، ئەم تەوەرەش لەچوار بەش پێکدێت.

باسێکی دیکە تەرخانە بۆ کەرەستەکانی کاری هونەریی لە دامەزراوە زانیارییە عەرەبییەکاندا.

باسی تر لە کتێبەکەدا باس لە وەسف و شیکردنەوەی سیان لە ڕێبەری کتێبخانە عەرەبییە نوێیەکان دەکات لەژێر ڕۆشنایی ئاراستەو پێوانە تایبەتەکاندا.

باسێکی تر بریتییە لە ئامادەکردنی پێڕست لە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنیدا وەك پێداویستی نوێ بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان.

یەکێکی تر لە باسەکان سەبارەت(میتا داتا)یە بەو پێیەی تازەترین ئامڕازە بۆ ڕێکخستنی سەرچاوەی زانیارییەکان، بەتایبەت سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان کە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێتدان.

تەوەرێکی تر کە سێیەمە تایبەتە بۆ نمایشی هەندێك لە مەسەلە گرنگەکان کە لەم دواییانەدا جێبایەخی بواری کتێبخانەو زانیارییەکانە، لەوانە مەسەلەی توێژینەوەی زانستی لە بوارەکەدا، هەروەها بەتایبەت کردنی لە بوارەکەدا، لەگەڵ ئایندەی کتێبی ئەلیکترۆنی عەرەبی و پیشەسازیی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەروەها پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگای زانیارییەکاندا، تەوەرە ئاماژە بۆکراوەکان بەسەر ئەم دوانزە بەشەدا دابەشکراون:

١- کتێبخانەی ئەسکەندەرییە.. کتێبخانەیەکی جیهانیی: تیایدا بە چڕی باسی لە ژیاندنەوەی کتێبخانەکە، تەلارەکەی، ئەرکەکانی، کتێبخانەکە وەك نیشانەیەکی مەزن..کراوە.

٢- کتێبخانە گشتییەکان.. مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی. مەبەستی کتێبخانە گشتییەکان، پرۆژەکانی نوێکردنەوەی کتێبخانەی گشتی، گەشەپێدانی کتێبخانە گشتییە عەرەبییەکان.

٣-کتێبخانە گشتییەکان لە میرنشینی عەرەبی سعودیدا لەژێر ڕۆشنایی بەرهەمە هزرییە عەرەبییەکاندا.

٤- پێگەی کتێبخانە عەرەبییەکان لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت:

ماڵپەڕی کتێبخانەکان، پێوانەی هەڵسەنگاندنی ماڵپەڕەکان، شیکردنەوەیان، ئامادەکردنی ماڵپەڕی کتێبخانە عەرەبییەکان، بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە نووسینی ناوی ماڵپەڕەکاندا دەروازەکانی ئینتەرنێت.

٥- کەرەستەکانی کاری هونەری و ڕۆڵیان لە ڕێکخستنی زانیارییەکاندا:

تەکنیکی پێڕستی وەسفی، شێوەکانی پەیوەندیی، دۆسیەی پشتبەستوو بە ناوەکان، ڕێبەرە ڕێنماییکارەکان، لیستەی سەرە بابەتەکان، سیستمەکانی پۆلێن، خشتەی ژمارەی نووسەران، میتاداتا.

٦-ڕێبەرە عەرەبییەکان لەنێوان عەرەباندن و دامەزراندندا.

٧-ئامادەکردنی پێڕستکار لە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنیدا:

کە بریتییە لە: پێڕست لە ژینگەی ئەلیکترۆنیدا لە ڕاهێنانی پێڕستکاردا، مەشق و گەشەپێدانی پیشەیی بۆ پێڕستکاران لە میسردا.

٨-میتا داتا، یان ئەودیو زانیارییەکان:

پێناسەی، سەرهەڵدان و گەشەکردنی، میتا داتاو پێڕست، ئەرکەکانی، خەسڵەتەکانی، سیستمەکانی، پێودانەکانی، کاریگەریی میتادا لەسەر کتێبخانەکان.

٩- توێژینەوەی زانستی لەبواری کتێبخانەو زانیارییەکاندا:

ڕەگەزی مرۆیی، سەنتەرەکانی توێژینەوە، توێژینەوە زانکۆییەکان، بنەمای تیۆری، بەرهەمی هزریی، هاندانی مادی و ئەدەبی.

١٠- بەتایبەت کردن لە بواری کتێبخانەو زانیارییەکاندا:

ئەم بەشەش باس لە خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەو زانیارییەکان دەکات لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، هەروەها ئاخۆ کورتی تایبەت چی پێشکەشی ئەو بوارە دەکات- نموونە لەو ڕووەوە..

١١- کتێبی ئەلیکترۆنی و ئایندەی پیشەسازیی بڵاوکردنەوە:

چەمکی کتێبی ئەلیکترۆنی و خەسڵەتەکانی، جۆرەکانی کتێبی ئەلیکترۆنی، لایەنە باش و خراپەکانی، میتۆدەکانی توێژینەوە تیایاندا، کاریگەرییەکانی کتێبی ئەلیکترۆنی، بڵاوکردنەوەی کتێبی ئەلیکترۆنی عەرەبیی.

١٢- کە دوابەشە، وەبەرهێنان لە پیشەسازیی ناوەرۆکی عەرەبیدا:

مەبەست لە ناوەرۆك، بەرهەمهێنانی ناوەرۆك یەکێکە لە پێگەکانی پیشەسازیی زانیارییەکان، بایەخی، بەرەنگاربوونەوەی، بەرەو پیشەسازیی ناوەرۆکی عەرەبیی بەهێز.

شایانی باسە نووسەر بۆ کتێبەکەی دەیان سەرچاوەی عەرەبی و بیانی بەکارهێناوە.

# ڕۆڵی پسپۆڕی کتێبخانە لە پەرەپێدانی هۆشیاریی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگادا لەڕێی کتێبخانە گشتییەکانەوە

(٢-٢)

ئا. یاسین قادر بەرزنجی

*ئەم توێژینەوەیە وەك بەرنامەی کار لە(کۆنگرەی یەکێتی عەرەبی بۆ کتێبخانەو زانیارییەکان) پێشکەشکراوە، کە لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە لە دیسەمبەری ٢٠٠٤دا بەستراوە.*

**نموونەی خولەکانی ڕاهێنان**

* پێڕست: پێڕستی وەسفیو بابەتی.
* پۆلێن: چەمکی پۆلێنو پەیوەندیی بەپێڕستەوە، چۆنێتی پۆلێنکردنی سەرچاوەکانی زانیاری، گرنگترین سیستمەکانی پۆلێن.
* بەڕێوەبردنی کتێبخانەکان: چەمکی بەڕێوەبردنو ئامانجیو ئەرکەکانیو بوارەکانیو خەسڵەتەکانی، ڕێکخستن لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا، پلاندانان، مەشقی کارمەندان..
* ئەرشیفو ئەرشیفی ڕۆژنامەوانیی: چەمکی ئەرشیف، پۆلێنکردنی دۆکیۆمێنتە ئەرشیفییەکان، ئامادەکردنی هونەرییانە بۆ ئەرشیفی ڕۆژنامەوانی، سەنتەرە ڕۆژنامەوانییەکان.
* خولی خزمەتگوزاریی کتێبخانەو زانیارییەکان: خواستن، خزمەتگوزاریی ژێدەریی، ئاگاداربوون لە سەرچاوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، پەخشی زانیارییەکان، پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، مەشقی هامشۆکەران، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە خزمەتگوزارییەکاندا.
* خولی زمانی ئینگلیزی.
* خولی تایبەت بۆ ئەمیندارانی کتێبخانەی خوێندنگاکان.
* خولی تایبەت بۆ ئەمیندارانی کتێبخانەی منداڵان.
* خولی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیاو ڕێبەرو کورتکراوەکان.
* خولی ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستو میتۆدەکانی توێژینەوە.
* خولی ڕاهێنان لەسەر تازەترین تەکنەلۆجیای کتێبخانەو زانیارییەکان.

**گەشەکردنی زانیارییەکان لە ئێستاداو ڕۆڵی پسپۆڕی کتێبخانەکان لە کۆمەڵگای زانیارییەکاندا**

**١- کۆمەڵگای زانیارییەکان:**

ئەم زاراوەیە کە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کەوتووەتە بەرچاو، مەبەست لێی ئەو کۆمەڵگایەیە کەوا بەشێوەیەکی سەرەکیی پشتی بەستووە بە زانیارییەکانو تەکنیکی زانیارییەکانو تەکنەلۆجیای نوێ، بەشێوەیەك تیایدا زانیارییەکان بووەتە پێویستییەك بۆ هەر تاکێكو ئێستا ڕۆڵی زانیارییەکان لە سەرجەم بوارەکانی ئابووریو سیاسیو زانستیو کۆمەڵایەتیو..تاد؛ دەرکەوتووە.

لێرەوە دوای پێناسەی کۆمەڵگای زانیارییەکانو خەسڵەتەکانی، باس لە کاریگەریی ئەو کۆمەڵگایە دەکەین لەسەر پسپۆڕی زانیارییەکانو ڕۆڵیان لە کۆمەڵگاکەدا.

*** پێناسەی کۆمەڵگای زانیارییەکان:**

ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەپلەی یەکەم پشتدەبەستێت بەزانیارییە زۆرو زەبەندەکان، وەك بەرهەمێکی وەبەرهێنانو کاڵایەکی ستراتیجیو وەك خزمەتگوزارییەكو سەرچاوەیەکی داهاتی نەتەوەییو بوارێك بۆ هێزی کارگەر.

کۆمەڵگایەکە تیایدا پەیوەندییە جیهانییەکان ڕێکخراونو تیایدا زانیارییەکان بەشێوەیەکی زۆر بەرهەمدێت، هەرچۆن بەشێوەیەکی فراوان دابەش دەکرێنو کاریگەرییان لەسەر ئابووریی هەیە.

کۆمەڵگایەکە بۆ گەشەکردنی پشتی بەزانیارییەکانو کۆمپیوتەرو تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەستووە.

*** خەسڵەتی کۆمەڵگای زانیارییەکان:**

زانیارییەکان وەك داهاتێکی ئابوورییەو زۆربەی دامەزراو و کۆمپانیاکان کاری لەسەر دەکەن بۆ زیادبوونی تواناکانی بەرهەمهێنان لەکارداو گەشەپێدانی نوێکردنەوەو داهێنان، ئێستا بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمپانیای زانیارییەکان لە ئارادایە بۆ باشکردنی ئابووریی وڵاتان.

بەکارهێنانی زانیارییەکان لەلایەن زۆربەی کۆمەڵگاوە بەشێوەیەکی فراوانی ئەوتۆیە کە بەرهەمهێنەرانو بەکارهێنەرانی گرتووەتەوە، هەرچۆن دامەزراندنی سەنتەری سیستمە زانیارییەکان هەلی ڕەخساندوە بۆ باشترین دەرفەتی فێرکردنو دەرکەوتنی ناوەندی زانیارییەکان بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ناوەندی ئابووریی گرنگو زۆر وڵات هەن تیایاندا ناوەندی بەرهەمهێنانی زانیاریی بوونەتە چالاکییەکی سەرەکیی ئابووریی.

*** پێکهاتەکانی ناوەندی زانیارییەکان:**

کە بریتین لە:

– پیشەسازیی پێکهاتەی زانیاریی:

– لەڕێی دامەزراوەکانی هەردوو ناوەندی گشتیو تایبەتەوە کە بەرپرسن لە بەرهەمهێنانی موڵکداریی هزریی تاکەکانو پاشان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان، کە دابەشدەکەنو دەیفرۆشن بە بەکارهێنەران.

– پیشەسازیی وەرگرتنو پەخشی زانیارییەکان:

کە بەرپرسن لە وەرگرتنو پەیداکردنی زانیارییەکان لەڕێی کۆمپانیاکانی پەیوەندیو تۆڕەکانی تەلەفزیۆنو مانگە دەستکردەکانو ئێستگەکانی ڕادیۆو هەروەها لەڕێی کتێب فرۆشەکانو کتێبخانەکانو سەنتەرەکانی زانیارییەوە.

– پیشەسازیی چارەسەری زانیارییەکان:

بەهۆی بەرهەمهێنەرانی ئامێرو کەرەستەکانو پرۆگرامەکانەوە دێتەدی، لەم پرۆسەیەدا دیزاینو پیشەسازیو بەبازاڕکردنی کۆمپیتەرو ئامێرەکانی پەیوەندیو ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت.

**ڕۆڵی پسپۆڕی زانیارییەکان لە کۆمەڵگای زانیارییەکاندا**

دەبێ لەیەکچوون لەنێوان هەردوو زاراوەی(کۆمەڵگای زانیارییەکان)و (پسپۆڕی زانیارییەکان)دا هەستی پێ بکەین، بوونی وشەی (زانیارییەکان) لە هەردووکیاندا پەیوەندی توندو تۆڵی نێوانیان دەردەخەن، یەکەمیان کۆمەڵگایەکە لە زانیارییەکان پێکدێتو دووەمیش پسپۆڕێکە پیشەکەی زانیارییەکانو چۆنێتی پێشکەشکردنیانە بەسوودمەندان.

کەواتە پسپۆڕ دەبێ کەسێکی بەتوانابێت ڕۆڵێکی گەورەو گرنگی ببێت لەو کۆمەڵگایەدا، هەرچۆن کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکان کە جێگەو پێگەی کاری پسپۆڕە دامەزراوی بەرپرسن لە وەرگرتنو پەخشی زانیارییەکانو کەسی پسپۆڕیش تیایاندا ڕاپەڕێنەری ئەو ئەرکانەیە.

**مۆراڵی کارکردنی پسپۆڕان**

چەند لایەنێك هەن کە دەبێت پسپۆڕی زانیارییەکان لەگەڵ زانیارییەکاندا کاریان پێبکات، ئەوانیش:

تایبەتمەندی، وردیی زانیارییەکان، موڵکداریتی، ڕەخساندنی هەل بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان، هەڵبژاردنی سەرچاوەکانی زانیاریو سانسۆر، خزمەتگوزاریی ژێدەریو وەڵامدانەوەی پرسیاری خوێنەران.

**بایەخی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان**

١– خستنە بەردەستی زانیارییەکان کە بۆ داخوازیی سوودمەندان پێویستن.

٢– ئاگاداربوونی خێرا لەسەرچاوەی زانیارییەکان.

٣– بەدواداچوونی سوودمەندان بۆ ئەو گۆڕانانەی کە ڕەوشی سوودمەندان دەیانخوازن.

٤– پەیڕەوکردنی وردیو دروستی لەپێشکەشکردنی زانیارییەکاندا.

٥– پڕکردنەوەی کەموکوڕیی زانیارییەکان کە بەهۆی بەربڵاویی بەرهەمە هزرییەکانو سەرچاوەکانی زانیارییەوە دەخولقێن.

**٢- کتێبخانەی ئەلیکترۆنی:**

یەکێك لە ڕووبەڕووبوونەوەکان لەبەردەم پسپۆڕاندا ئەو گەشەکردنە تەکنەلۆجیەیە کە ئێستا هاتووەتەدی، ئەویش لەکتێبخانەی ئەلیکترۆنیدا خۆدەنوێنێت.

ئەویش بریتییە لەو کتێبخانەیە کە تیایدا چارەسەری زانیارییەکان دەکرێتو دەخرێتەوە بەردەست، بەڕێگا ئەلیکترۆنییە نوێیەکان ئەنجام دەدرێن، ئەم پرۆسەیە پشت دەبەستێ بە بەشداریو هاوکاریو توێژەر دەتوانێت سوود لەو کتێبخانەیە وەربگرێتو سەردانی بکات بەبێ بەکارهێنانی جەستەو ڕۆیشتن بۆی، بەڵکو لە بەردەستی خۆیدایەتیو دەتوانێت هەر زانیارییەکی بوێتو لەهەر کاتێکدا بێت وەریانبگرێت، ئیتر لەهەر جێگایەکی ئەم جیهانەدا بێت[1].

*** پسپۆڕی زانیارییەکانو کتێبخانەی ئەلیکترۆنی:**

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەبڵاوبوونەوەی زیاتردایە، ئەگەر نەڵێین خەریکە جێگای کتێبخانەی تەقلیدی دەگرێتەوە پێویستە کتێبخانەی ئەلیکترۆنی پسپۆڕی ئەوتۆ بەڕێوەی بەرن شارەزابنو بتوانن مامەڵەی گونجاو لەگەڵ سەرچاوەکانیدا بکەن، لە خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە پسپۆڕە:

– شارەزایی تەواو لە گۆڕینی ژمارەیی(بە ئەلیکترۆنی کردنی سەرچاوە)دا.

– شارەزایی لە بەکارهێنانی سەرچاوە ناتەقلیدییەکانی زانیاریی.

– لێزانین لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا.

– ئاگاداربوون لە سیستمە ئۆتۆماتیکییەکانی نێو کتێبخانەو مامەڵە لەگەڵ بنەمای زانیارییەکاندا.

– زانینی بەکارهێنانی ئینتەرنێتو سوودوەرگرتن لە ماڵپەڕەکان. هەرچۆن، دەخوازرێن پسپۆڕی ئەم بوارە بتوانێ مامەڵە لەگەڵ خەڵکی جودا لەگەڵ ڕەگەزی جیاوازدا بکات.

**٣- بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی:**

ئەم جۆرە بڵاوکردنەوەیە ئامادەباشیی تایبەتی دەوێت لە پسپۆڕی کتێبخانە، چونکە کاریگەریی زۆر لەسەر کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی جێدێڵێت.

دەبێت پەخشی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆبن لە هەموو جیهاندا سوودیان لێ وەربگیرێت، لەمەشدا هۆشیاریی پسپۆڕ ڕۆڵی گرنگ دەبینێت. ئیتر بەشێوەی تێکست بن یان دۆکیومێنت یاخود وێنەو فۆرمی دیکە.

**پسپۆڕی کتێبخانەکانو پەرەپێدانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا**

کتێبخانە گشتییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە گەشەپێدانی ڕۆشنبیریدا، چونکە کتێبی ناوازەو بەسوود کورتەیەکە لە هزری مرۆیی لە سەرجەم بوارەکانی ژیانداو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر مرۆڤی خوێنەرو هەڵسوکەوتەکانی.

بەپێی ڕاگەیاندراوەکانی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی جیهان(ئیفلا) مەبەستەکانی کتێبخانەی گشتی بریتین لە:

١– پەروەردەو فێرکردنی ئاستە جیاوازەکان.

٢– دەستەبەرکردنی زانیاریی بەهەموو جۆرەکانیەوە.

٣– پەرەپێدانی کەسیی بۆ داهێنان.

٤– ڕاهێنانی منداڵو هەرزەکار بۆ خوێندنەوە.

٥– پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگادا.

٦– ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی کتێبخانە بەتایبەت لەو جێگایانەدا کە کتێبخانەیان کەمە.

کتێبخانە بێجگە لەو مەبەستانە، چەندین ڕۆڵی تر دەگێڕێت، وەکو:

* خزمەتگوزاریی ژێدەریی: کە لە بەشی ژێدەردا لەم جۆرە سەرچاوانە دەخرێنە بەردەست (فەرهەنگ، ئینسایکلۆپیدیا، ژیاننامە، ئامار، بیبلیۆگرافیا، ڕێبەر، کورتکراوە، بەڵگەنامەکانو..تاد)
* خزمەتگوزاریی ڕاهێنانی سوودمەندان: ئامادەکردنی پرۆگرام بۆ ئەو مەبەستە، تا سوودمەند بتوانێ سوودی تەواو وەربگرێت.

ئەم خزمەتگوزارییە لەم جۆرە کتێبخانانەدا دێتە دی (کتێبخانەی گشتی، نیشتمانی، قوتابخانەیی، ئەکادیمی)و پەیمانگای کتێبخانەو زانیارییەکانو دامەزراوەکانی توێژینەوەو گەشەپێدان.

* خزمەتگوزاریی سەرچاوە بەدەستگەیشتووەکان: کەوا سوودمەندیان لێ ئاگادار دەکرێت.
* خزمەتگوزاریی خواستن لە کتێبخانەکاندا: بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە لە ماڵەوە، یان شوێنی کار، یان خوێندنەوە، خوێنەر داوای سەرچاوەی پێویست دەکاتو بەدەستی دەگات.
* خزمەتگوزاریی خوێندنەوە: بەسوود وەرگرتن لە کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان کە سەرچاوەن بۆ بوونی هەزاران کتێبو بێ بەرامبەر خراونەتە بەرچاو. هەرچۆن سوودمەند گەلێك گۆڤارو ڕۆژنامە بەشێوەیەکی ڕۆژانە دەبینێت.

لە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەدا ڕۆڵی سەرەکی بۆ پسپۆڕانە بۆ دابەزاندنو ڕێکخستنو گەیاندنی سەرچاوەکانو ڕێنمایی بۆ سوودمەند بۆ چۆنێتی سوود وەرگرتن لێیان[2].

**لێهاتوویی کارمەندی کتێبخانە**

بۆ سوود گەیاندن بەهەموو تاکێکی کۆمەڵ، کارمەندی کتێبخانە ڕۆڵی گرنگی هەیە، لەوانە:

* وتووێژی ئەرێنی لەگەڵ خوێنەراندا.
* تێگەیشتن لە داخوازیی ئەوان.
* توانای هاوکاری کردن لەگەڵ کارمەندانو هامشۆکەراندا.
* ئاگاداربوون لە هەمەجۆریی ڕۆشنبیریی.
* شارەزایی لە سەرچاوەکانی کتێبخانەکەیدا.
* بیرکردنەوەی فراوانو داهێنان لە کاردا.
* شارەزایی لە تەکنیکی زانیاریو پەیوەندییەکاندا.

کارمەندانیش بریتین لە:

– ئەمیندارە چالاکەکانی کتێبخانە.

– یاریدەدەرانیان.

– کارمەندە پسپۆڕەکان.

– کارمەندانی تر.

ئەوانە بەهەموویان دەتوانن ڕووی جوانی ببەخشنە کتێبخانەکانیانو ڕۆڵیان هەبێت لە پەرەپێدانی کۆمەڵگاو هۆشیاریو ڕۆشنبیریی لەڕێی کتێبخانە گشتییەکانیانەوە.

سەرچاوە:

1- Informatics.gov.sa/magazine

٢– غالب عوض النوايسة، خدمات المستفيدين من المكتبات ومراكز المعلومات، عمان، ٢٠٠٢.





# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library  NO. 20 – 13/5/2011


## کۆدۆك سەردانی کتێبخانەی قەسریٚ دەکات

رۆژی ٢٠١١/٤/٢٤ کۆمەڵەی دۆستانی کتێب (کۆدۆك) بەمەبەستی رێزگرتن لە (رۆژی جیهانی کتێب)و زیاتر گرنگیدان بە کلتوری خوێندنەوەو خۆشەویستکردنی کتێب لای خوێنەران، سەردانی شارۆچکەی قەسرێیان کردو کۆمەڵێك کتێبو گۆڤاری جۆراوجۆر پێشکەش بە کتێبخانەی (شێمحەمەدی باڵەك) کرا، ئەم کتێبخانەیە ماوەیەکە لەلایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی باڵەكو گەنجانو خەمخۆرانی شارۆچکەکە کراوەتەوە.

شایانی باسە ئەم رۆژە لە ساڵی (١٩٩٥)دا، لەلایەن رێکخراوی یونسکۆ، کە رێکخراوێکی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ کاروباری (پەروەردەو زانستو رۆشنبیری) دەستنیشانکراوەو ساڵانە لە نزیکەی (١٠٠) وڵاتدا ئەم رۆژە بەرز رادەگیرێت.

### لەکتێبخانەی سەنتەری راگەیاندنی ژنان

## سەرچاوەکان بە چوار زمانی زیندوو



**تابان حەسەن**

سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان ساڵی ١٩٩٧ لە سلێمانی دامەزراوەو هەر لەهەمان ساڵدا ئەم سەنتەرە کتێبخانەیەکی تایبەتی کردۆتەوە، ئەم کتێبخانەیە بە هەوڵی سەرپەرشتیاری گشتیی خاتوو رووناك رەئووف کراوەتەوە.

کتێبخانەکە کۆمەڵێك کتێبو گۆڤاری جۆراوجۆری بە زمانەکانی (کوردیو عەرەبیو ئینگلیزیو فارسی) تیادایە، کە ژمارەیان(٢٤٧١) سەرچاوەن، ژمارەی کتێبە کوردییەکان١٢٥٥کتێبەو سەرجەم گۆڤارەکانیش ٥٧٦ گۆڤارن، بابەتی سەرچاوەکان بریتین لە: (زانیارییە گشتییەکان، ئەدەب، فەرهەنگو زمان، هونەر، زانستی کۆمەڵایەتی، زانستی پراکتیکی، مێژوو).

خاتوو فەرزانە عەلی لێپرسراوی کتێبخانە وتی: دەوامی کتێبخانەکە لە ٩ تا ٤ ئێوارەیەو سەرچاوەکانی کتێبخانەکە بە هەر چوار زمانەکە لە خشتەی تۆمارو لە ناو کۆمپیوتەردا تۆمار کراونو دوو جۆر خواستنمان هەیە، واتە خواستنی ناوەکیو دەرەکی هەروەها وتیشی: سەرەتا سەرچاوەکان بە دیاری دەگەیشتنە دەستمان، بەڵام دواتر بەهۆی دانانی بودجە، ساڵانە بەکڕین لەرێگەی پێشانگاکانەوە توانیومانە جۆرەها سەرچاوەی گرنگ بکڕینو هەروەها ئەو سەرچاوانەی کە بەدیاری بەدەستمان دەگات لەلایەن(دەزگای سەردەم، بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوە، خانەی وەرگێڕان، وەزارەتی مافی مرۆڤ، یەکێتی ژنانی دیموکراسی کوردستانی ئێران، یەکێتی ژنانی سلێمانی، مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی نیشتمانیو بنکەی ئەدەبو روناکبیری گەلاوێژ) بوونەتەسەرچاوەی دەوڵەمەند بۆ خوێنەران.

شایەنی وتنە ئەم سەنتەرە بێجگە لەم کتێبخانەیە، کتێبخانەیەکی تریان لە ناحیەی سەرکەپکان لە رانیە لەساڵی ٢٠٠٧ دا کردۆتەوەو خاوەنی نزیکەی (٢٠٠٠) سەرچاوەیە.

### چاپکراوی نوێ

## ئەلمونجید بە زمانی کوردی




**ئاسۆی کتێبخانە**

بۆ ماوەی سێ ساڵ دەچێت، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم سەرقاڵی وەرگێڕانو کارکردنە بۆ لە چاپدانی فەرهەنگی بەناوبانگی (ئەلمونجید)ی عەرەبی بە زمانی کوردی.

ئەم فەرهەنگە لەلایەن مامۆستا (جەلال مەحمود عەلی)یەوە کراوە بەکوردیو لە پێنج بەرگی گەورەدا چاپخانەی سەردەم خەریکی لە چاپدانێتیو بڕیار وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەرانو هاوکات کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند بکرێن.

## جادووگەریی میسری

## لە زانکۆی هایدلبرج


**ئێلاف**

پیشانگاکەی زانکۆی هایدلبرج لە ئەڵمانیا بۆ نمایشی کتێبو کەرەستەو دۆکۆمێنتەکان کە لە جادوگەریی میسری کۆندا بەکارهێنراون، بووە مایەی سەرنج راکێشانی بینەران.

دیارترین نمایش تیایدا کتێبی (مایکل)ە کە بەزمانی قیبتیو بەدەست نووسراوەتەوەو کۆمەڵێ تێکستی جادووگەریی تیادا نووسراوەتەوە.

هەرچۆن تیایدا باسی لە ناپاکی هاوسەرگیرییو چەندین باسیشی تیادایە سەبارەت ئیرەییو خۆپاراستن لە شەیتانەکان، ئەوانەش لەو سەرچاوانانەن کە خوێنەران حەز بەخوێندنەوەیان دەکەن.

## لە ئەمریکا کتێب سانسۆری لەسەرە




**القبس**

ساڵی ١٩٣٢ لە ئیرلەندە کتێبی (جیهانێکی نوێی بوێر)ی رۆماننووسی ئینگلیزی (ئەلدوس هیکسلی)قەدەغەکراو تا ئەمڕۆ لە کتێبخانەکاندا نینو ئەوەش نارەزایی لەلای خەڵکی دروستکردوە.

لەم دواییەشدا، یەکێتی کتێبخانەکانی ئەمریکا لیستێکیان بە (١٠) کتێبی قەدەغە دەرکردوە کە بە کتێبی(تانگۆ پێویستی بە سیانە)ی نووسەران ریچاردستونو بارنیل دەستپێدەکات، ئەویش لەبەر ناوەرۆکەکەیو لەسەر داوای ئەمینداری کتێبخانەی خوێندنگاکان بووە.

هەرچۆن لەسەر داوای باوکانی ویلایەتی میسوری کتێبی (رۆژانی راستەقینەی نیو هندییەکە)ش قەدەغەکراوە.

قەدەغەکردنی کتێبەکان نارەزایی زۆری لە ناوەندە روناکبیریو کتێبخانەییەکاندا لێکەوتووەتەوە.

### جوانترین کتێبخانەکانی جیهان

## کتێبخانەی ئەدمۆنت لە نەمسا

**ئا. رۆژان سەیفور**


کتێبخانەی ئەدمۆنت لە کەنارەکانی روباری ئۆنسە لە وڵاتی نەمسا، ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی ١٧٧٦دا دروستکراوەو حەوت گومەزو زیاتر لە (٢٠٠) هەزار کتێبی تیادایە.



## یەك ملیۆن کتێب لەبەریتانیاو ئێرلەندا بەخۆڕایی دابەشدەکرێت

**ئاسۆی کتێبخانە**

بەبۆنەی یەکەمین شەوی جیهانیی کتێبەوە یەك ملیۆن کتێب بەخۆڕایی لەبەریتانیاو ئێرلەندا دابەشکرا. ئەو کەسانەی کتێبی خۆیان لەوێبسایتی شەوی جیهانیی کتێبدا دەستنیشان کردبوو، رۆژی ٥/٥ چڵو هەشت کتێبیان بەدیاری وەرگرت و هەندێکیان لێکرد بەدیاری بۆ هاوڕێیان و دۆستانیان. ئەو کەسانەی داوای کتێبیان کردبوو لەنێوان ٣٥ ناونیشاندا کەئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی شەوی جیهانیی کتێب هەڵیانبژاردبوو، داوای ئەو کتێبانەیان کردبوو کەخۆیان حەزی لێدەکەن.




لەهەر یەکێك لەو کتێبانەی دەستنیشانکراون ٤٠ هەزار دانە چاپکرا. لەو کتێبانەی لەلیستەکەدا هەبوون (خۆشەویستیی لەزەمانی کۆلێرادا)ی گابریل گارسیا مارکیز، (بکوژی کوێر)ی مارگرێت ئەت وود، (ژیانێك کە لەژیانی باقی خەڵك دەچێت)ی ئالان بێنێت، (بەسەرهاتی سەیروسەمەرەی سەگەکە لەشەودا)ی مارك هێدنو (ژیانی پی)ی یان مارتل.

شایانی باسە کتێبی ناوبراوی مارکیز ساڵی ( ٢٠٠٨) لەلایەن وەرگێر (محەمەد کەریم)ەوە کراوە بەکوردی.

www.iranianuk.com


سەرنووسەر
یاسین قادر بەرزنجی

راوێژکاران
ئاری بابان ــ شێرزاد سەعید

ستافی کارا
محەمەد کەریم ــ تابان حەسەن

نەخشەساز
مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕی
بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین

کارگێری
ئاشتی عوسمان دانش



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتی    ت: ٣٢٠٢٧١٦ - ٠٧٧١١٥٥٥٠٩٩    Email: asoyktebkhana@yahoo.com